فایلی ژماره (2)

# David Harvey





# بایۆگرافیای دەیڤد هارڤی

_ له 1935/10/31 له (جیلینگهام، کینتی) ی بەریتانیا لەدایکبووە.

_ تیۆرسینێکی کۆمەڵایەتی و ئەنسرۆپۆلۆژی وجوگرافی و مارکسییە.

_ یەکێکە لە جوگرافیناسە دیارەکانی جیهان.

_ خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیە لەسەر جوگرافیا و تیۆری کۆمەڵایەتی، سیاسەتی شارستانیەتی، ئابوری سیاسی، مارکسیەت، هتد.

_ له قوتابخانەی جیلینگهام خوێندویەتی.

_ساڵی 1957 بەکالۆریۆسی له جوگرافیادا بەدەستهێناوە.

_ بەدوای یەکدا خوێندنی باڵای له کۆلێژی (سانت جون)ی کامیرج له بەریتانیا خوێندووە.

_ ساڵی 1961 دکتۆرای له جوگرافیای سیاسیدا له زانکۆی کامیرج وەرگرتووە.

_ ساڵی 1961 خوێندنی پۆست دکتۆرای له زانکۆی (ئۆسباک) له سوید وەرگرتووە.

_ ساڵی 1961 -1969 مامۆستای جوگرافیا بووە له زانکۆی (برسیتۆل) له بەریتانیا.

_ له زۆر زانکۆی جیهاندا وانەی وتۆتەوە.

_ ساڵی 1969 چووە بۆ زانکۆی جونز هوبکنز له ئەمەریکا.

_ ساڵی 1969 کتێبی (باس له جوگرافیا)ی بڵاوکردۆتەوە.

_ ساڵی 1973 کتێبی (دادوەری کۆمەڵایەتی و فشار) ی بڵاوکردۆتەوە.

_ ساڵی 1986 کتێبی (دۆخی پۆست مۆدێرن)ی بڵاوکردۆتەوە.

_ له ساڵی 1995 مەدالیای زێڕنی وەرگرتووە.

_ له (40) خولدا وانەی لەسەر (سەرمایەی مارکس) وتوەتەوە و له ساڵی (2008) زیاتر له (700000) بینەری هەبووە له یوتیوب.

_ له ساڵی (2001) ەوە تا ئێستا، مامۆستایە له بەشی ئەنسرۆپۆلۆژیا له زانکۆی شاری نیویۆرک.

_ ساڵی 2013 ئیکوادور دوای لێکرد له بنیادنانی بنکەی ستراتیژی نیشتماندا، هاوکاری بکات.

_ساڵی 2014 کتێبی (سێنزە دژ و کۆتایی سەرمایەداری) بڵاوکردەوە.

_ ساڵی 2016 کتێبی (ڕێگەکانی جیهان)ی بڵاوکردەوە.

ئا: د. لوقمان ڕەئوف



# گوزەرێك بە هزر و ئایدیاكانی
# دەیڤد هارڤیدا

idea

هارڤی لێکۆڵەر و ڕەخنەگری چەمکە جیاوازەکانە، کاتێک هەمووان دەربارەی مۆدێرنە دەدوێن، ئەو دەربارەی «پۆست مۆدێرنە» دەدوێت، کاتێک مشتومڕ دەربارەی «لیبڕالیزم» دەکرێت، ئەو دەربارەی «لیبڕالیزمی نوێ» دەدوێت، کاتێک گفتوگۆ لەسەر «ئیمپریالیزم» دەکرێت، ئەو دەربارەی «ئیمپریالیزمی نوێ دەدوێت. لێرەوەیە هارڤی بەردەوام لە نیشاندان و دادکۆکیکردنە لە چەمک و شیکارییەکانی خۆی، چونکە بە یەکێک لەو بیرمەندانە ناسراوە، کە تا دوا ڕادە چەمک و شیکارییەکان ڕادەکێشێت، هەرگیز چەمکێک فڕێنادات و نەچێتەوەسەری. لێرەدا دەربارەی هەندێک لەو پرسانە دەدوێین، کە لە هزری هارڤیدا جێگەی مشتومڕن، هەم لەناو کتێبەکانیدا لەسەریان ڕاوەستاوە، هەم لەمیانەی کۆڕو سیمینارو چاوپێکەوتنەکانیدا، بیریشمان نەچێت هارڤی ماوەی 20 ساڵە دەربارەی کتێبی سەرمایە وانە دەڵێتەوەو چەندین کون و کە لەبەری نەزانراوی ئەو کتێبەی کەشفکردووە، تەنانەت لە هەندێک شوێندا ڕەخنەی خۆیشی دەخاتەڕوو، یاخود کار لەسەر درێژکردنەوەی ئەو بابەتانە دەکات، کە مارکس لە سەرمایەدا تەنها فریای ئەوە کەوتووە، سەرەداوێکیان لەسەر دەربخات.

## دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و شار

پێش 40 ساڵ کتێبێکی نوێ بە ناوی «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و شار» دەرچوو، کە لە نوسینی (دەیڤد هارڤی) بوو، ڕەخنەگران ئەم کتێبەیان وەک شۆڕشێک لە هزری جیۆگرافییدا لەقەڵەمدا، بەڵام هەندێک ڕەخنەگری دیکە وەک کتێبێکی جێگەی سەرنج و مشتومڕ لێیان ڕوانی، لەبەرئەوەی بەوتەی ئەوان «دووبارە چاوخشاندنەوەیە بە ئایدیا و بەها بنەڕەتییەکانی شێوازی ژیانماندا».

هارڤی لەم کتێبەدا کۆمەڵێک توێژینەوەی کۆکردۆتەوە، کە لە قۆناغی جیاجیادا دەربارە شار و بیناسازی نوسیونی، لەوێدا فۆڕمە مۆدێرنەکانی شار دەخاتەڕوو، یاخود بە مانایەکی دیکە «پەرەسەندنی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم لەناو تەلارسازیدا»، هاوکات ئایدیایەکی ناوازە سەبارەت بەوەی بە شاری ئایدیاڵ (مدينة فاضلة) ناودەبرێت، دەخاتەبەرچاو.

هارڤی خۆی مامۆستایەکی بەریتانییە لەزانستە مرۆڤایەتییەکاندا لە زانکۆی نیویۆرک، هاوکات یەکێکیشە لە گەورە تیۆرسێنە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا. ئەو خاوەنی ژمارەیەک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەیە، کە هەموویان بەپێی میتۆدێکی تایبەت بە چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێبازی مارکسیستیی نوسراون، پێیوایە ئەم میتۆدانە ئامرازێکی گەلێک کاریگەر و مەنهەجیین لە ڕەخنەی سەرمایەداریی جیهانیدا، هاوکات چەمکی «ماف لە شاردا» چەمکی دەیڤد هارڤییە و لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا کاری لەسەر کردووە. ئەو زیاد لە هەر شتێکی دیکە گرنگییەکی زۆر بە ستەمی کۆمەڵایەتی و سروشتی خودی سیستەمی سەرمایەداری دەدات، ڕەخنە لەو بۆشاییە ڕەها و ئاوارتەیە دەگرێت، کە لەناو جیۆگرافیادا بەجێماوە و کاری لەسەرناکرێت.

هارڤی ڕوودەکاتە شاری «بالتیمۆر» و وەک وانەبێژ لە زانکۆی «جۆن هۆبکینز» دەست بە کارکردن دەکات، لەو دەمەوە بە شێوەیەکی تەواوەتیی کاری لەسەر تیۆرێکی نوێ و تایبەت بە جیۆگرافیای مارکسیستیی ڕادیکاڵ کردووە، پاش ئەوەی قەبارەی ستەم و ڕەگەزپەرستیی لەو شارەدا ببووە دیمەنێکی شۆکهێنەر بۆ خودی هارڤی. لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هارڤی لەگەڵ هاوڕێکانیدا «یەکێتیی بۆستن بۆ جیۆگرافیناسە ئەمریکییەکان « دامەزراندن، کە دواتر بوونە خاڵێکی وەرچەرخانی بنەڕەتی لە چالاکییەکانیان، لەپێناو کۆتاییهێنان بەو میتۆدە نەریتییەی هاوڕێکانیان لە چارەسەری کێشەکاندا بەکاریاندەهێنا، چەمکێکی دیکەیان بە ناوی «تیۆری شۆڕشگێڕانە» پێشکەشکرد، واتە تیۆرێک کە دواتر لە ڕێگەی تیۆری شۆڕشگێڕانەوە دەخرێتە بەر دەروازەی پەسەندکردن.

دەیڤد هارڤی لە کتێبی «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و شار»دا کە ساڵی 1973 دەرچووبوو، ئەو بیرۆکەیە دەخاتەڕوو، لە جیۆگرافیا دەکرێت بابەتییانە بێت لەئاست هەژاری لە تەلارسازی و هەموو خاڵە نێگەتیڤەکانی پەیوەست پێوەی. سەرمایەداری بەتەواوی کۆتایی بەو بۆشاییە دێنێت، لەپێناو دووپاتکردنەوەی توانستەکانی خۆی بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە.

هارڤی لە کتێبەکەیدا ئەوە ڕاڤەدەکات، کە گەلێک گرنگ و گونجاوە ئایدیاکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ببەسترێنەوە، بە توێژینەوەی جیۆگرافی و هەموو بوارە فکرییەکانی وەک پلاندانان و زانستە هەرێمییەکان، کە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ جیۆگرافیادا هاوشێوەن. هارڤی گریمانەی ئەوە دەکات، کە پرەنسیپەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بە جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی فەزاکان و جیۆگرافیا و پلاندانانی شارنشینی و هەرێمیی.

هارڤی هەم لەو کتێبە و لە زۆرێکی دیکە لە بەرهەمەکانیدا، ئایدیای دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی دەخاتەڕوو، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەڵەیەکی بەرجەستە لە شێوەی شارەکانی ساڵانی حەفتادا هەیە، هەم لەڕووی دیزاین و وێنە و دەسەڵاتەوە، یاخود لەڕووی مێژووەوە. هەروەک چۆن پرسی «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» لەڕووی ئابورییەوە نیگەرانیی دروستکردووە.

لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجەدا، هارڤی بە گونجاوی دەزانێت، کە شاری باڵتیمۆر بەکاربهێندرێت، هاوشان لەگەڵ چەند شارێکی دیکەدا، وەک کۆڵەکەیەک، یاخود سەرچاوەیەک کە دەکرێت، لەپێناو بەدەستهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە دەمی تیشکخستنە سەر پرسە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکاندا دەوروژێندرێن، هارڤی لەو باوەڕەدایە، دەکرێت شاری باڵتیمۆر وەک نموونەیەک لەو سەدان نموونەیە وەربگیرێت، کە ستەمیان لێکراوە، هاوکات بەرەنگاری ئەو کورتهێنانە دەبێتەوە، کە سەبارەت بە ئەڵتەرناتیڤەکانی دۆخی باڵادەست نیشاندەدرێت، هەروەها هەڵدەستێت بە پشتیوانیی لە دەستپێشخەریی «موچەیەک بۆ بوژاندنەوە» لەبری سیاسەتی «نزمترین ئاستی موچەکان». ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە «پێخۆری دڕندە لەناوەندی وڵاتدا» بۆتە مایەی خاڵیکردنەوەی شار لە سامانە ئەخلاقیی و داراییەکانی.

هارڤی لە ڕێگەی چەندین پەرەسەندنی فکرییەوە، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فۆڕمە خاڵیکەرەوەکان دەخاتەڕوو: لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا هارڤی لەو باوەڕەدایە، کە کێشەکە لە بنەڕەتدا زمانەوانییە، هەر بۆیە ئەویش چارەسەری زمانەوانیی بۆ پێشکەشدەکات، بەڵام لە بەشی پێنجەمدا پرسەکە دەگۆڕێت بۆ پرسێکی تایبەت بە پراکتیکی ئینسانی، چارەسەرە تایبەتەکان بەو کێشەیە خۆی لە بواری پراکتیکی مرۆییدا دەبینێتەوە. لە بەشەکانی دواتردا هارڤی مشتومڕ لەسەر جیاکاریی نێوان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فۆڕمە بەتاڵەکان دەکات، ئەوەش ڕاڤەدەکات کە فەزا و بۆشایی لای خۆیەوە بە کۆمەڵە کیانێکی دۆگما دانانرێت، کە لە میانەیەوە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات، بەڵام لەناو خۆیدا هەڵگری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە بە هەمان میتۆد، کە تێیدا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەک پرسێکی بەتاڵ دەبینرێتەوە.

لە میانەی توێژینەوە و باسەکانی ناو کتێبەکەی هارڤیدا، نوسەر هەوڵدەدات ئەوە بە خوێنەر بگەیەنێت، کە چۆن هەریەک لە ئایدیاکان گەشیانکردووە و چۆن لە سەرەتادا

**هارڤی مشتومڕ لەسەر جیاکاریی نێوان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فۆڕمە بەتاڵەکان دەکات، ئەوەش ڕاڤەدەکات کە فەزا و بۆشایی لای خۆیەوە بە کۆمەڵە کیانێکی دۆگما دانانرێت، کە لە میانەیەوە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات.**



ئەم ئایدیایانە دەخرێنەڕوو، لەدواتریشدا دەگۆڕدرێن، چۆن ئایدیاکان بە ئاڕاستەی جیاجیادا پەرەدەسەنن، چۆن ئەو پەرەسەندنانە ئاڵۆزدەبن.

هارڤی لە سەرەتادا بیرۆکەی «سروشتی تیۆریی»ی دەخاتەڕوو، ئەوەش روونەدەکاتەوە، کە چۆن هەندێک کەس پێیانوایە، تیۆر بریتییە لە جیابوونەوەی ناسروشتیی نێوان میتۆدۆلۆژیا و فەلسەفە، بەڵام هارڤی بەپێچەوانەوە پێیوایە ئەم جیابوونەوەیە پەیوەندیی بە باری گونجاندنەوە هەبووە، نەک هیچ شتێکی دیکە، بەڵام لە بەشەکانی دواتردا هەموو فۆڕمەکانی جیابوونەوە بەدووردەگرێت، تەنانەت ئەو جیابوونەوەیەش کە بارێکی گونجاوی هەیە، کە پێیوایە فاکتەکان جیاوازن لە بەهاکان، بەرکار جیاوازە لە بکەر، شتەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی شوناسێکی سەربەخۆیان هەیە، جیاوازن لە تێگەیشتنی ئینسان و کردە، «تایبەتێتیی»ی ئاشکراکردن و دۆزینەوە جیاوازە لە «گشتێتیی»ی ئەنجامەکان.

لە هەمانکاتدا هارڤی سەرەتا پێیوایە لە بونیادنانی تیۆرێکدا پێویستی بە دروستکردنی قەوارەیەکی زمانیی گونجاو هەیە، کە واتا و چەمکە نەگۆڕەکان لەخۆبگرێت، بەڵام دواتر نوسەر ئاماژە بەوە دەدات، کە واتاکان دەتوانن کۆتاییەکان دەستنیشان بکەن، هەروەها میتۆدێکی هزریی لەسەر واتاگەلێکی نەگۆڕ و یەکە و پەیوەندیی نەگۆڕ دامەزراوە، لەبری هاندان، ئەو لەسەر توانستەکانمان بۆ تێگەیشتن لە جیهان دەنووسێت و لاپەڕەکان پردەکاتەوە.

بە هەمان میتۆد پەرەسەندنێک هەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئایدیای ساغکردنەوەی شتەکان، کە هارڤی پێیوایە ناکرێت لە پڕاکتیکی کۆمەڵایەتی جیابکرێنەوە بە شێوەیەکی گشتی، لەبەرئەوەی «بەدیهێنان» لە ڕێگەی پڕاکتیکەوە دەبێت، بەو مانایەی تیۆر بریتییە لە پڕاکتیک. هارڤی باس لەوەش دەکات، تیۆر لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە دەبێتە پڕاکتیک، تەنها لێرەدایە کە دەتوانرێت ئەنجامێک لەو تیۆرەوە بەدیبهێندرێت.

بەڵام سەبارەت بە خەسڵەتی بۆشایی و فەزا، لە بەشەکانی سەرەتادا هارڤی مامەڵەیەکی فەلسەفیی لەگەڵ پرسەکەدا دەکات، ڕوونیدەکاتەوە لەو دەمەی مانای بۆشایی ئاشکرادەبێت و چەند ئامرازێک دەدۆزینەوە بۆ پێشکەشکردنی، دەکرێت لە شیکردنەوەی دیاردەی شارنشینییەوە دەستپێبکرێت، ئەوەش لە میانەی سازاندنی نێوان تێگەیشتنمان بۆ ڕەفتاری مرۆیی و هەر ڕوانگەیەکی دیکە بۆ بۆشایی، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەدا ئەم مامەڵەیە دەگۆڕێت، ئیدی هارڤی باس لەوە دەکات،



John Hopkins

ئەوەی دەمانەوێت لە بۆشاییەوە پێمانبگات، لەناو پرۆسەی شیکارییەکەدایە، نەک پێش ئەو پرۆسەیە. هاوکات باس لەوە دەکات بۆشایی ڕەها نییە، هەروەک چۆن ڕێژەییش نییە و پەیوەندییەکیشی بە پێکهاتەکەیەوە نییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەکرێت هەرکامێکیان، یاخود هەر هەموویان بێت، بەپێی بارودۆخەکە.

دەربارەی خەسڵەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هارڤی بیرۆکەیەک پێشکەشدەکات و دواتریش پەرەیپێدەدات، بەجۆرێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی لە هزری لیبرالیزمەوە وەردەچەرخێنێت بۆ سۆسیالیزم و مارکسیزم. لەگریمانەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە، وەک پرسێکی پەیوەست بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییاتە هەمیشەییەکانەوە، وەردەچەرخێت بۆ گریمانەی شتێکی کتوپڕ بۆسەر پرۆسەی کۆمەڵایەتی لە تەواوی کۆمەڵگەدا.

لە کۆتاییدا هارڤی پێیوایە کە خەسڵەتی شارنشینی، لەناو خۆیدا قەوارەیەکە، دەکرێت هەر لەم ڕێگەیەشەوە لێی تێبگەین، بەڵام لەدواتردا ئایدیای شارنشینی دەبێتە هەڵێکی گونجاو بۆ چنگخستنی هەندێک سیمای زەق و دیار لەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەی لە تەواوی کۆمەڵگەدا دەگوزەرێت، دواتر دەگۆڕێت و دەبێتە ئاوێنەیەک و لە ڕێگەیەوە هەندێک وێنەی دیکەی کۆمەڵگە ببینرێت. ئەم وەرچەرخانە بە شێوەیەکی بەشەکیی ڕوودەدات، لەبەرئەوەی شارنشینی وەک شتێکی خاوەن پەیوەندیی ڕاڤەدەکرێت، بەڵام داڕووخانی جیاکاریی نێوان بەرهەمهێنان و دابەشکردن، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر میتۆدی دەرکەوتنی شارنشینیی هەیە.

لەبەرئەوەی پەرەسەندن لە هزری هارڤیدا، بە شێوەیەکی تایبەتی لە کایەی زانستەکان و فەلسەفەدا، پرۆسەیەکی بەردەوامە، هارڤی لە کتێبێکدا کە ساڵی 2012 بڵاویکردەوە بە ناوی «شارە یاخییەکان» ئەو پرسە دەسەلمێنێت و تایبەتمەندیی ئەو شارانە نیشاندەدات، کە بوونەتە پێگەیەکی سێنتراڵ بۆ سیاسەتە شۆڕشگێڕییەکان.

## دێڤد هارڤی و مۆدێرنیتەی پاریس

ئایا بارستەی چیمەنتۆی گەورە و ئۆتۆمبێل و ژاوەژاوەکانی ناوشار، یاخود مرۆڤەکانی نیشتەجێی شارو ناڕەزایەتیی و پراکتیک و بەهای دیاریکراویان هەیە؟ ئایا ئەوەی ئاومان ناوە بە شار، هەڵگری سیفەتەکانی شارە؟ ئایا مێژووی شارێک ناگەڕێتەوە بۆ داهێنانی ماتریاڵی و کولتوریی دانیشتوانەکەی؟ وەڵامە گریمانەییەکە بە وتەیەکی باو دەستپێدەکات: شارەکان بە دانیشتوانەکەیانەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی ڕێسا عەقڵانییەکان هەڵیدەسوڕێنن، وەرچەرخانە فرەلایەنەکان بەرهەمیدەهێنن، ئەم ژینگەیە لە «کۆمەڵگەیەکی گوندیی» پێکنەهاتووە، کە لە شتی تازە دەترسێت و مەیلی بەلای ماتبووندایە.

بیرمەندو ئابورناسی ئەمریکیی (دێڤد هارڤی) لە کتێبەکەیدا بە ناوی «پاریس پایتەختی مۆدێرنیتە» دەگەڕێتەوە بۆ پرسی شار، لەوێدا درێژە بەو لێکۆڵینەوە و رامانانە دەدات، کە پێشتر لەسەر ئەو پرسە کراون، پێکەوە کۆکردنەوەیەک لەنێوان شار و مۆدێرنەی پاریسدا دەکات، کە هەندێک لە ئاماژەکانی لە ئەدەبیاتەوە وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەی شار پێناسەی تایبەتی هەیە لەکایەکانی فەلسەفە و ئەدەب و سیاسەتدا، هارڤی گەڕاوەتەوە بۆ پسپۆڕییە زانستییەکەی خۆی و پەیوەندیی نێوان گەشەسەندنی پاریس و پێداویستییە ئابورییەکاندا کردووە. نوسەرێکی دیکەی ئینگلیز (مارشاڵ بێرمەن) لە کتێبەکەیدا «هەرچی ڕەق و بەستووە دەبێتە هەڵم»، باس لە شار و شەقامە ڕاست و فراوانەکانی دەکات، هەروەها جیاوازیی لەنێوان شار و شوێنە هەمەجۆرەکاندا دەکات، کە مۆزەخانە و ئاپۆرای ئازاد و دامەزراوەی گشتیی تێدایە، ئەمە جگە لەو باخچانەی پڕن لە پەیکەری ئەدیب و هونەرمەند و سیاسییەکان.

هارڤی خوێندنەوەیەکی نوێ دەکات و بەرەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە دەچێت، کە لە لێکۆڵینەوەکانی (هێنری لۆڤیفرە)دا هەبوون، کە ئەویش لە کتێبەکەیدا «ڕەخنەی ژیانی ڕۆژانە»، باس لە ڕەهەندەکانی نامۆبوونی مرۆڤ دەکات لەناو شاردا، بەڵام هەوڵە تیۆرییەکان لەبارەی پاریسەوە، هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ بیرمەندی ئەڵمانیی (واڵتەر بینیامین)، کە باسێکی دوورودرێژی دەربارەی پایتەختەکەی فەڕەنسا نوسیوە،

ئەویش لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربــارەی (بـودلـێـر)ی شاعیری ئەڵمانی، بـە نـاوی «پاریس، پایتەختی سەدەی نۆزدە»، یاخود لە کتێبە گەورەکەیدا بە ناوی «پاساژەکان»، کە پرۆژەیەکی تەواونەکراو بوو.

ئەگەر هارڤی لێکۆڵینەوەی لەو هۆکارە ئابورییانە کردبێت کە «سەرمایەداریی فـەرەنـسـی» بـەسـەر بـونـیـادی پاریسدا هێناویەتی، ئەوا بێنیامین شارەکەی لەناو «فەزا گشتییەکەیدا» خوێندۆتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆگا و فرەیی جۆری مرۆڤەکان و جیهانی کاڵاکان و پاساژە کەوانەییەکان، کـە هـەمـوویـان نیشانەی سەرکەوتنی سەرمایەدارییین، بەڵام بێنیامین، کە لاسایی هیچ کەسێکی نەدەکردەوە، لە بێدەنگیی و دابڕاوییەکەیدا، لە ورچـی بەستەڵەکە جەمسەرییەکان دەچـوو، لـەبـەردەم دوو دیاردەدا دەوەستێت: ئەو کاڵایانەی ڕووکاری کۆگا بازرگانییەکان دەڕازێننەوە لە پاساژە نایابەکاندا، کە کەسی ڕێبوار ڕادەکێشێت بۆخۆی، بە ڕەوتێکی خۆشبەختانە، یاخود بە ناسەقامگیرییەوە، کاتێک ڕێبوارەکان تووشی واقوڕمان دەکات، وەک ئەوەی لەناو فەزای شـاری مۆدێرندا مـرۆڤ بووبێت بە کاڵا. دیاردەیەکی دیکە بریتییە «تەمبەڵخراوەکان»، ئەو مرۆڤە لاتوپوتە بێ جوڵانەی، کە هیچ ئاگایەکیان لەو جەماوەرە نییە شەقامەکانی گرتۆتەوە، هاوکات ئەو جەماوەرەش هیچ ئاوڕێک لەمانە ناداتەوە.

لەوانەیە لە یەککاتدا هەم لۆژیکیی و هەم ناوازە بێت، کە توێژەرێکی تایبەتمەند لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی تەلارسازیی پاریس بکات، کە بۆ نموونە هارڤی کتێبێکی بۆ شیعرەکانی بودلێر تەرخانکردووە، وەک چۆن پێشتریش بنیامین کتێبێکی بۆ شیکردنەوەی شیعرەکانی هەمان شاعیر تەرخانکردبوو. هارڤی کاری لەسەر هەمان بابەت کردووە، بەڵام بە کەرەستەیەکی ئابوری و مێژوویی مـەزن، هەربۆیە پەیوەندیی نێوان کەرەستەی مۆدێرنی بونیادنان و ئەو کەرەستە زمانەوانییەی مۆدێرنێتەی شیعریی پێ دەڕازێندرێتەوە، دەرگای ئابوری بەسەر گوتاری ئەدەبییدا دەکاتەوە، کۆمەڵە پردێک دروستدەکات لەنێوان شیکاری ئابوری و شیکاری ئەدەبیدا، کە لەم بوارەدا (کارڵ هاینز ستیرڵ) کاری گرنگی کردووە، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا «پایتەختی ئاماژەکان»، بەڵام لای هارڤی پرسەکە لەناو کۆمەڵە ناونیشانێکدا دێت و دەچێت کە بەشەکانی کتێبەکەی پێکدەهێنن: دەقی شار، دۆزینەوەی شار، خوێندنەوەی شـار، ڕەنگرێژیی شـار، کە هەموویان کۆکراوەیەکن لەنێوان ئەدەب و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و مێژووی ئابوریی-سیاسی، کە هارڤی لە کتێبێکی 530 لاپەڕەییدا لەسەریان ڕاوەسـتـاوە، بەڵام لای خۆیەوە ستیرڵ، پەنایبردۆتە بەر زانستە مرۆڤایەتییە جیاجیاکان، ئەو لەناو تێکستە ئەدەبییە بەناوبانگەکاندا وەرچەرخانەکانی پاریس دەخوێنێتەوە، لە نموونەی ئەو تێکستانە: ڕۆمـانـەکـانـی بـەلـزاک و ڤیکتۆر هۆگۆ، قەسیدەکانی (هاینریش هاینە) و (جیرارد دی نیرڤاڵ) و شارل بۆدلێر لە (گوڵەکانی شەڕ)دا.

کتێبەکەی دەیڤد هارڤی، کە لەیەککاتدا هــەم شـیـکـارێـکـی قــووڵ و هــەم چڕ لەخۆدەگرێت، دەروازەیەکی گەورەی بەسەر ئەدەبی سەدەی 19ی فەڕەنسیدا کردۆتەوە، شانبەشانی دەقەکانی بەلزاک، کە دەستی بۆ کەلەپوری پاریس بـردووە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گـۆڕاوەکـانـی تاکەکان دەخوێنێتەوە و ئاگاییان ڕادەکێشێت بەرەو «فەزای تەلارسازی»، یاخود بەرەو «زانستی ژینگەی فەزا»، بەڵام تەنها ئامادەیی (بارۆن هۆسمان) شان دەدات لە شانی ئامادەیی بەلزاک، کە ئاگاداری داڕمان و وێرانبوونی پاریس بووە، پاریسی بینا و باڵەخانە کۆن و تەڵخ و تاریک و تەماوییەکان، دواتر لەسەر داروپـەردووی ئەمانە دەیان هەزار خانوو پاریسی نوێیان پێکهێنا، کە دواتر ناونرا بە: شاری ڕۆشنایی.

هارڤی لێکۆڵینەوە لەسەر شارێکی نوێ دەکـات، کە سەرمایە زۆر بە ئاسانیی تێیدا هەڵدەقوڵێت، پشتی بەستووە بە مەعریفەی ئابوریی خـۆی و بەشدارییە جیۆگرافییەکەی، کە ناوی لێنراوە (جیۆگرافیای ڕادیکاڵ)، کە لەناو (فـەزای تەلارسازی)دا شوێنەوارە چینایەتییەکان دەخوێنێتەوە. هارڤی لەم بارەیەوە ئایدیاکانی مارکسی کـردۆتـە سـەرچـاوەی سـەرەکـیـی خـۆی، لـەو ڕێـگـەیـەوە فۆکەسی خستۆتە سەر بونیادنان لە شوێنێکدا، کە هاوکات لەگەڵ بونیادنانەکەدا پـەردە لەسەر نایەکسانیی چینایەتییەکانیش هەڵدەماڵێت، هەروەها ئەو میتۆدەی شیکردۆتەوە، کە سەرمایەداری

فۆرمولەی دەکات بۆ بەدیهێنان و پڕکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی خـۆی، ئیدی ئـەو کـارەی سەرمایەداری لە شوێنێکی دیاریکراودا بێت، یاخود لە ڕووبەرێکی زۆر بەرفراواندا.

### قەیرانی سەرمایەداری

هارڤی یەکێکە لەو بیرمەندانەی لە ئاستێکی باشدا لەسەر قەیرانەکان ڕاوەستاوە و شیکاری بۆ هۆکار و ڕیشە مێژووییەکانی کـردووە، هەر لە قەیرانە داراییەکانی سەدەی بیستەوە، هەتاوەکو قەیرانی دارایی جیهان لە ساڵی 2008، کە ئەمریکا و شاری نیویۆرک سەرچاوەکەی بوو، هەر لەم بارەیەوە خۆی لەناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بووە. ئەو سەبارەت بـەوەی قەیرانەکان ئاماژەن بۆ کۆتایی نیۆلیبراڵیزم؟ وەڵامی خۆی هەیە و پێیوایە: « وەڵامەکەم پەیوەستە بە مانا و تێگەیشتنمان بۆ نیۆلیبراڵیزم. من وەهـای ڕاڤـەدەکـەم کە پرۆژەیەکی چینایەتیی لە پشت بەشی زۆری گوتارەکانی نیۆلیبراڵیزمەوە – سەبارەت بە: ئازادیی تاک، ئازادیی ڕەها، بەرپرسیارێتیی کەسیی، بەتایبەتیکردن، بازاڕی ئازاد- خۆی حەشارداوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە ئامرازێکن ئامانج لێیان گێڕانەوە و تۆخکردنەوە و چەسپاندنی دەسەڵاتی چینایەتییە، ئەم پرۆژەیەی نیۆلیبراڵیزمیش لەم بـارەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە... ئـەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدا، هەشت پیاو دۆکیومێنتێکی سێ لاپەڕەییان پێداین، کە گوللەیەکی تێدابوو بۆ هەمووامان، و پێیانوتین: «700 ملیار دۆلارمان دەدەنێ باشە، ئەگەرنا...». ئەمە لای من چەشنی کودەتایەکی دارایی بوو دژ بە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و گەلەکەی، ئەم قسەیەیان بەو مانایە دەهات، کە ئێوە هەروا بەئاسانی و بە جێهێشتنی قەیرانەکە لەسەر شانی چینی سەرمایەدار ڕزگارتان نابێت، بەڵکو ئەوەی ڕزگارتان دەکات، چەسپاندنی دەسەڵاتی چینی سـەرمـایـەدارە، چەندنین هێندە زیاتر لەوەی ڕابردوو».

هارڤی پێیوایە قەیرانی دارایـی هەلێک، یاخود ڕێگەیەکە بۆ بەعەقڵانیکردنی ئەوەی ناعەقڵانییە، بۆ نموونە داڕمانی ئابوریی گەورەی ئاسیا لە ساڵانی 1997 و 1998، بـووە مایەی دەرکـەوتـن مۆدێلێکی نـوێ لـە گەشەکردنی سەرمایە. داتەپینە ئابورییەکان سەردەکێشن بۆ دووبـارە شێوەپێدانەوە، بۆ فۆڕمێکی نوێی دەسەڵاتی چینایەتی. دەشێت شتەکان لە لایەنی سیاسییەوە ڕوو لە خراپی بکەن. لەناو کۆنگرێسی ئەمریکادا سەبارەت بە ڕزگارکردنی بانکەکان دەمەقاڵێ ڕوویـدا، لەوانەیە توێژی سیاسییەکە زۆر بەئاسانی نەیەتە ژێرباری یارمەتیدان [ی بانکەکان]، دەشێت ئاستەنگ لەسەر ڕێگەکەدا دروستبکەن، بـەڵام تەسلیمبوون و هەتاوەکو ئێستا بانکەکانیان خۆماڵی نەکردووە، هەروەها سەبارەت بە داڕمانی دامـەزراوە ئابورییەکان لە کاتی قەیرانەکان و کاریگەرییەکانیان هارڤی لەو باوەڕەدایە هەرەسهێنانی کریدیت سەبارەت بە چینی کرێکار یەکسانە بە کۆتایی بەداراییکردن وەک چارەسەرێک بۆ قەیرانی بازاڕ. لە ئەنجامی ئەوەشدا، گەر جوڵەیەکی کاریگەر نەبێت بۆ گۆڕینی دۆخەکە، قەیرانێکی گەورەی بێکاری و داڕمانی زۆرێک لە پیشەسازییەکان دەبینین. لێرەدا دەگەینە ئەو مشتومڕەی لەئارادایە، سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ مۆدێلی ئابوریی کینزیی. ئەو ڕەخنەی

**هارڤی لێکۆڵینەوە لەسەر شارێکی نوێ دەکات، کە سەرمایە زۆر بە ئاسانیی تێیدا هەڵدەقولێت، پشتی بەستووە بە مەعریفەی ئابوریی خۆی و بەشدارییە جیۆگرافییەکەی، کە ناوی لێنراوە (جیۆگرافیای ڕادیکاڵ)، کە لەناو (فەزای تەلارسازی) دا شوێنەوارە چینایەتییەکان دەخوێنێتەوە**



هەیە لە شیکاری ڕاستڕەوەکان بۆ قەیران، چونکە ئەوان پێیانوابوو مەسەلەکە تەماع و چاوچنۆکیی شەخسییە لە واڵ ستریت، چاوچنۆکیی ئـەو کەسانەیە کە پارەیان قەرزکردووە بۆ کڕینی شوێنی نیشتەجێبوون. هەوڵیاندەدا بەرپرسیارێتییەکە بخەنە سەرشانی قوربانییانەی قەیرانەکە. دەبێت یەکێک لـە ئـەرکـەکـانمـان ئـەوەبـێـت، کە پێیانبڵێین «نەخێر، ئێوە هەرگیز ناتوانن ئەوەمان بەرامبەر بکەن»، هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی پاڵپشتێک بدەین بۆ ڕاڤەکەمان، ڕاڤەمان بۆ ئەم قەیرانە وەک ڕووداوێکی چینایەتی، کە تێیدا بونیادێکی دیاریکراوی چـەوسـانـدەوە دادەڕمـێـت و بونیادێکی چەوساندنەوەی قووڵتر جێگەی دەگرێتەوە.

**نیۆلیبراڵیزم**

هارڤی سەبارەت بە چەمک و پێناسەی نیۆلیبرالیزم پێناسەی تایبەتی خۆی هەیەو هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە، شیکارکردن و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە نیۆلیبراڵیزم، پێویستە دوای پێناسەکردنی ئەم چەمکە بێت، ئەو دەڵێت: «لای من نیۆلیبراڵیزم پرۆژەیەکە ئامانج لێی کۆکردنەوەی سامانە لە دەستی کەمینەیەکدا، ئـەوەش بەهۆی میکانیزمە دارایی و نەختینەییەکان و ئەو میکانیزمانەی دیکە، کە باسمانکردوون. ئەمە ڕاڤەی گشتیی نیۆلیبراڵیزمە لەدوای کۆتایی حەفتاکانەوە، کە لەگەڵ پرۆگرامی بونیادنانەوەی هەیکەلی سەر بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا کلکیان گرێداوە، کە ئامانج لێی ڕزگارکردنی دامەزراوە داراییـەکـانـە لـەسـەر حسابی کۆمەڵانی خەڵک... ئەمەی ئێستا دەیبینین کۆتایی نیۆلیبراڵیزم نییە، بەڵکو بەردەوامبوونیەتی بە ئامرازە هەرە دڕندانەکان. ئێمەش هەتاوەکو هۆشیارنەبینەوە سەبارەت بە زەرووڕەتـی تێکشکاندنی ئـەم مـۆدێـلـە، پێموانییە دینامیکییەتەکەی بگۆڕێت. ئەم هۆشیارییە کە هۆشیارییەکی بازنە فراوانە، لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات. بزووتنەوەی خوێندکارانی چیللی دەزانـن کە (پینۆچە) ڕۆیشتووە، بەڵام هێشتا «پینۆچیزم» لەشوێنی خۆیەتی و دەبێت بەئامانج بگیرێت. بەهەمان شێوە بەریتانییەکان تەنها لە (تاتچەر) ڕزگاریـانـبـوو، نـەوەک لە «تاتچەریزم». پێموایە سیریزا لە یۆنان، ئەو هێزە سیاسییە بوو درکـی بەوەکرد ،بابەتەکە پەیوەست نییە بە دەربازبوون لە خاڵە بێزارکەرەکانی سیستەمی نیۆلیبراڵیزم، بەڵکو دەربازبوون و تێپەڕاندنی خودی سیستەمەکەیە. لەبەر ئەم هۆکارەیە، سیریزا بۆتە ڕەمزێک بۆ گشت خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەوروپا، بۆ نموونە بزووتنەوەی نارەزایانی ئیسپانیا (indignados)، بەڵام ئەمە یەکەم جارە بزووتنەوەیەکی سیاسی بتوانێت لەم ئاڕاستەیدا بەرەوپێشەوە بچێت. پێویستمان بەوەیە ئەم دۆخە بەناو هەمموو ئەوروپادا درێژبیبێتەوە».

سەبارەت بەڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سیستەمە، هارڤی دەڵێت» هەمیشە وەها نیۆلیبراڵیزممان ناسیوە، کە پرۆژەیەکی چینایەتیی کـەڵـەکـەکـردنـی سـامـان و کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لەژێر سایەی حکومی کەمینەیەکدا. بەشێک لەم پرۆژەیە ئامانجی دیلکردنی دەوڵەت و بەکارهێنانیەتی وەک ئامرازێکی ڕووتی حکومی چینایەتی. ئەمە پـرۆژەی نیۆلیبراڵیزمە. پاشان یاساگەلێک لەم پرۆژەیەوە سەرچاوەدەگرن، بۆ نموونە گەر دەوڵـەت کەوتە نێوان دوو بـژاردەوە، «پاڵپشتیی گەل» و «پاڵپشتیی سەرمایە«، پاڵپشتیی سەرمایە هەڵدەبژێرێت. ڕێسایەکی دیکەی ئەم یارییە کۆمەڵە ناهەمواریەکە کە تەگەرە دەخاتە بـەردەم مەنزوومەی دارایی و جەماوەرەوە، پاشان هەڵدەستێت بە ڕزگارکردنی ئەم مەنزوومە داراییە و باجەکەی بە جەماوەر دەدات، بێگومان ئەمە جۆری ئەو چارەسەرانەیە، کە بەشێوەیەکی ڕوون پرۆگرامەکانی چاکسازیی بونیادیی سـەر بـە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی گوزارشتی لێدەکەن. ساڵی 1992 بە واقیعی ئەمەمان لە «مەکسیک» بینی، هەروەک چۆن گەلێک وڵاتی دیکەش چوونەتە ژێرباری ئـەم سیاسەتانەوە. ئەمەیە نیۆلیبراڵیزم. لەو باوەڕەشدام لەگەڵ قەیرانەکەی ساڵی (2007-2008)دا کۆتاییهاتووە، ئەوەی لەو قەیرانەدا نیۆلیبراڵیزم کردی، ڕزگارکردنی بانکەکان بـوو، باجەکەشی بە گـەلان و جـەمـاوەر دا. لە یۆنان چی ڕوودەدات؟ بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان ڕزگاردەکەن و باجەکەشی بە گەل دەدەن. نیۆلیبرالیزم هێشتا لە ژیاندایە، بگرە لە باشترین دۆخدایە. ئەگەر نیۆلیبراڵیزم بە مانای کەڵەکەکردنی سامان و کۆکردنەوەی دەسەڵات بێت لەژێر

سایەی کەمینەیەکدا، هەموو داتاکانی دوای ساڵی (2007-2008) ئـەوە پیشاندەدەن کە چینی دەوڵەمەندەکان لەوکاتەوە زیاتر دەوڵەمەند بـوون، لەو لاشـەوە برسێتی و هەژاریی گەل زیادیکردووە. بەمجۆرە و بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان قەیرانی (2007-2008) لە بـەرژەوەنـدیـی چینە باڵاکاندا بـوو، بـە باشترین شـێـوەش لـە خزمەتی خۆیاندا بەکاریانهێنا. نیۆلیبراڵیزم نەمردووە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا دەیبینین، بزاوتی گەلانە دژ بەم سیاسەتانە...لەڕاستیدا ئەم بزووتنەوانە مێژوویەکی درێژیان هەیە، هەر لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا کـردەی توندوتیژی دژ بە سندوقی دراوی نێودەوڵتی لەئارادابووە. بەڵام لە ئێستادا دەرکەوتنی پارتەکانی وەک (سیریزا) لە یۆنان و (بۆدیمۆس) لە ئیسپانیا دەبینین، تەنانەت لە بەریتانیاش خەریکە هەندێک سیاسەتی بەرهەڵستیی سکهەڵگوشین و کەمکردنەوەی خەرجییەکان سەرهەڵدەدەن، هەربۆیە ئەمە دەبێتە سەرەتای دەرکەوتنی هەڕەشە بۆسەر خودی ئەم جۆرە سیاسەتانە [سیاسەتی بەرهەڵستیی نیۆلیبراڵیزم]، بەڵام ئەم جۆرە سیاسەتە لە ڕوودانی قەیرانەکاندا ڕاناوەستن. بۆ نموونە گوتەیەک هەیە دەڵێت: «پێویستە ڕێگە نەدەین قەیرانێکی نوێ بە خۆڕایی بڕوات». ئەو کەمینە فەرمانڕەوایەی شوێنکەوتەی نیۆلیبراڵیزمن، بە زیرەکانەترین شێوە ئـەم قەیرانەی دوایـیـان قۆستەوە، هەتاوەکو هێندەی دیکە دەوڵەمەند بن و زیاتر سامانی لە دەوری خۆیان چڕبکەنەوە».

## شار و بەشارییبوون

هارڤی بە بیرمەند و توێژەری شارەکان نـاسراوە، زۆربـەی زۆری بەرهەمەکانی پەیوەستکردۆتەوە بە شارەوە، زۆر بە وردیی کار لەسەر چەمکەکانی «شار، بەشارییبوون، مـاف لە شـاردا، خەباتی شـار و ...هتد»، هارڤی لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بە ناوی «شـارە یاخییەکان»، درێـژە بە چەمکی «ماف لە شـاردا»ی کۆمەڵناسی فەڕەنسی «هێنری لۆڤیفرە» دەدات و دەڵێت»پێش هەموو شتێک پرسی ماف لە بەکارهێنانی هەموو ئەو کەرەستانەدایە، کە - بە پێکەوە کۆکردنەوەیان- ژینگەی شار پێکدەهێنن، کە چەندێک کۆمەڵایەتی و سیاسیین، هێندەش فیزیکی و بەرجەستەن. لێرەدا پرسیارەکە دەربـارەی ئەوەیە کە کێ مافی ئەو بەکارهێنانەی هەیە، یان ئایا هەمووان مافی یەکسانیان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە؟ هەروەها پرسیار دەربـارەی دروستکردنی شـار -کـە پرسیاری هەرە وروژێنەر و جێسەرنجە بۆ من-، ئایا کێ دەسـەڵاتـی دووبـــارە دروسـتـکـردنـەوەی شاری هەیە بە شێوەیەکی جیاواز و بەپێی ئەو وێنەیەی خۆی دەیەوێت؟ هەروەها پرسیار دەربـارەی مافەکان پەیوەستە بەم لایەنەشەوە: «کێ مافی خەباتکردنی هەیە دەربـارەی جۆری ئەو شـارەی دەمانەوێت دروستیبکەین؟»، ئەمەش لەبەرئەوەی پرسیار دەربـارەی جۆری ئەو شـارەی دەمانەوێت دروستیبکەین، جـۆری ئـەو کەسانەش دەستنیشاندەکات، کە دەمانەوێت بکەری ئەو خەباتە بن».

سەبارەت بە کۆچکردن لە شارەکان، هارڤی ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە ئەمە کۆچێکی ئـارەزوومـەنـدانـە بێت، بەڵکو پێیوایە لەژێر کاریگەریی زەبرە ئابوری و سیاسییەکاندایە، بۆیە ئەو پێیوایە ئەمە کۆچی هـەژاران و چینی کرێکاران نییە لە شار، بەڵکو دەرکردنە (expulsion). بەرزیی کرێی خـانـووبـەرەو دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ و هەموو ئەم جۆرە شتانە، ناچاریان دەکـات لە شـار بێنەدەرەوە و ئێستا لە کەنار شارەکان دەژیـن، ئەو باس لە دۆخی ژیانی چینەکانی خوارەوە دەکات لە کۆمەڵگەدا، باس لـەوە دەکـات، چۆن بەیانییان هەموویان لە دەرەوەی شارەکانەوە دێنەوە ناو شارەکان بۆ کارکردن، نموونەیەک لـەو بـارەیـەوە دەهێنێتەوە، کە خـۆی لە شـاری مانهاتن بینیویەتی لە یەکێک لە وێستگەکانی شەمەندەفەر: «پڕبوو لە خانمی پێست ڕەنگاوڕەنگ [غەیری سپیپێست]، هیلاکییان پێوە دیاربوو، دەچوون بۆ مانهاتن تا ئەو شارە لە خەو هەستێنن، یاخود بۆ چاودێریکردنی منداڵی دەوڵەمەندەکان کاتێک خۆیان لە واڵ ستریت یان لە هەر شوینێکی دیکەن. ئەمان لەو کەسانەن کە بە داهاتی ساڵانەی کەمتر لە (30000) دۆلار دەژین و بە شێوەیەکی کردارەکی لە شارەکە دەرکراون. ئەمە دەمبات بەرەو پرسیارێک: تا چی ئاستێک ئەم دانیشتوانانە مافیان هەیە لە شاردا؟ وەڵامەکە ئەمەیە: هیچ مافێکیان نییە. ئەمەیە کە دەبێت خەباتی لەپێناودا

بکەین: دەبێت قسەیەکی گەورەیان هەبێت لە چۆنیەتیی دروستکردنی شارو دووبارە دروستکردنەوەیدا، بەجۆرێک گونجاو بێت لەگەڵ خۆیاندا، نەوەک گونجاوبێت لەگەڵ (1%)ی دانیشتوان».

سەبارەت بە خەباتی کرێکاران، هارڤی پێیوایە هەر بەتەنها خەباتی ناو کارگەکان بەس نییە، بەڵکو ئەمڕۆ لەبەرئەوەی سەرمایەداری لە هەموو شوێنێک مرۆڤ دەچەوسێنێتەوە، پێویستە خەباتیش لە هەموو شوێنێک هەبێت، بەتایبەت لەناو شارەکاندا، یان ئەوەی هارڤی پێیدەڵێت «خەبات لە شوێنی ژیان»، ئەو باوەڕی بە هەردوو خەباتەکە هەیە، واتە لە شو لە هەموو شوێنێک مرۆڤ دەچەوسێنێتەوە، پێویستە خەباتیش لە هەموو شوێنێک هەبێت، بەتایبەت لەناو شارەکاندا، یان ئەوەی هارڤی پێیدەڵێت «خەبات لە شوێنی ژیان»، ئەو باوەڕی بە هەردوو خەباتەکە هەیە، واتە لە شوێنی کار و شوێنی ژیان، لەم بارەیەوە دەڵێت: « پێویستە هەردووکیان لە تەنیشت یەکدی دابنێیت. ئەگەر شوێنی کارت گۆڕی، بەڵام شارت نەگۆڕی، لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا پێویستە بپرسیت کامەیە ئامانجەکە. ئەگەر خەڵکی دۆخی نیشتەجێبوونیان خراپ و بێکەڵک بێت و نەتوانن بە نرخێکی گونجاو شوێنی مانەوەی خۆیان دابینبکەن، ئەگەر خەڵکی هەرچەندە خاوەن ئیش و کاریش بن، بەڵام بێلانە بن، ئەو کاتە شەڕکردن، تەنانەت بردنەوەی جەنگی شوێنی کار،

Walter Benjamin



هیچ ئەنجام و سوودێکی نابێت ئەگەر شار لە دۆخێکی داتەپیودا بێت. ئەم کێشە و تەنگەژانە لە ئێستادا دەردەکەون، بۆ نموونە مایەپوچبوونی ویلایەتی «دیترۆیت». ئەمە ڕووخساری سەرەکیی چۆنیەتی ئاراستە و ئامانجی خەباتەکەمانە، گەلێک نامۆشە بۆ من کە تەنها کەسانێکی کەم بیر لە یەکێتیی خەباتەکان دەکەنەوە [یەکێتیی خابەتی نێوان شار و شوێنی کار]... لەگەڵ ئەوەی شار بوارێکە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە، هاوکات بوارێکیشە بۆ بەدیهێنانی سەرمایە، تۆش پێویستت بەوەیە ئەم خەباتەنە پێکەوە یەکبخەیت و لێکیان جودانەکەیتەوە. وەک تۆ وتت، من و لۆڤیفرە و ئەوانی دیکەش دەڵێین کە کاتێک لێشاوی پارە ڕوودەکاتە بونیادنانی شار، بازنەیەکی لاوەکیی سەرمایە بوونی هەیە. دروستکردن و بونیادنانی شار چەشنی دروستکردنی کاڵا لە کارگەدا، گرنگە. ئێمە وەک پێویست نەمانڕوانیوە لەوەی شار چۆن دروستکراوە و کێ دروستیکردووە. لەم سەردەمەدا هێزی کارکەر، زووتێپەڕ و کاتییە، هەمیشە لە بزاوت و جوڵەدایە، ڕێکخستنی گەلێک گرانە. بەهۆی کەمکردنەوەیەکی گەورەی ژمارەی کرێکارانی کارگەکانەوە، زۆر کەس دەپرسێت «کوانێ چینی کرێکار؟»، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێت وەها لە چینی کرێکار بڕوانین، کە بریتییە لەهەموو ئەو کەسانەی بەرهەمدەهێنن و دووبارە ژیانی شاریی بەرهەمدەهێننەوە«.

هاوکات سەبارەت بە بونیادی شارەکان و پرۆسەی شارنشینی و کاریگەریی ئەم پرۆسەیە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان، هارڤی چەندین بیرۆکە دەخاتەڕوو، تەنانەی تامەزرۆییەکەی بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی شارنشینی دەگاتە ئاستی ئەوەی وێنای شارێک بکات لە هزری خۆیدا، بەڵام بەدەر لە یۆتۆپیا، ئەو دەڵێت «گەر ئێستا توانای گەشەپێدانی سیستەمێکی ئایدیالیم هەبووایە، دەموت ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێویستە بانکێکی نیشتیمانیی بۆ دووبارەگەشەپێدانەوە دابمەزرێنین، 500 ملیار دۆلار لە کۆی ئەو 700 ملیار دۆلارە وەربگرین، کە دەنگی لەسەردراوە. ئەم بانکە مامەڵە لەگەڵ شارەوانییەکاندا بکات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو گەڕەکانەی بەر شەپۆلی دەستبەسەرداگرتنی بارمتەکان کەوتوون، لەبەرئەوەی ئەم شەپۆلە لە گەلێک ڕووەوە هاوشێوەی زریانی «کاترینا» بوو، کە سەرتاپای گەڕەکێکی لەناوبرد، کە بەگشتی گەڕەکێکی هەژارنشین بوو، ڕەشپێستەکان و ئیسپانییەکانی لێ نیشتەجێبوون. پێویستە دەوڵەت و لایەنە بەرپرسەکان سەردانی ئەو گەڕەکانە بکەن و لەسەر بنەمایەکی جیاواز پەیوەست بە خاوەندارێتی و مافی نیشتەجێبوون و تایپێکی جیاوازی سەرچاوەی دارایی، ئەو کەسانە بگەڕێننەوە کە بە ژیان لەوێ ڕاهاتبوون. هەروەها کار لەسەر سەوزکردنی ئەو گەڕەکانە بکرێت و هەلی کاری لۆکاڵیی بڕەخسێندرێت لەو بوارەنەی کاری تێدا دەکرێت.

بەم جۆرە وێنای دووبارە پێکهێنانەوەی شارنشینیی دەکەم. بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک سەبارەت بە دیاردەی گەرمبوونی جیهانیی، پێویستە سەرلەنوێ چۆنیەتیی کارکردنی شارە ئەمریکییەکان دابڕێژینەوە، و بیر لە شێواز و ڕێکخستنێکی تەواو نوێی شارنشینی و شێوازگەلی نوێی ژیان و کارکردن بکەینەوە. گەلێک توانست و بواری کارکردن لەبەردەستدان کە پێویستە لەسەر چەپ ئاگاداریان بێت- ئەمانە هەلی ڕاستەقینەن، بەڵام لێرەدا لەگەڵ هەندێک لە مارکسیستەکاندا ڕووبەڕووی کێشە دەبمەوە، کە وەها خۆیان نیشاندەدەن بیردەکەنەوە: «بەڵێ! ئەمە قەیرانە، دژبەرییەکانی ناو سیستەمی سەرمایەداریی بەجۆرێک لە جۆرەکان چارەسەری دەکات!»، کاتی قەیران، کاتی گوزارشتکردن نییە لە سەرکەوتنگەرایی (triumphalism)، بەڵکو کاتی دەرخستنی گیروگرفتەکانە. سەرەتا من پێموایە ئیشکال هەیە لەو ڕێگەیەی مارکس ئەم کێشانەی پێ خستۆتەڕوو. مارکسیستەکانیش ناتوانن بە باشی لە پێکهاتەی ئاڵۆزی دەوڵەت و سەرمایەی دارایی و شارنشینی تێبگەن- ئەوان لە تێگەیشتن لە شتی دیکەدا لێهاتوون، بەڵام پێویستە لەئێستادا دووبارە بە بیرکردنەوەی خۆماندا بچینەوە دەربارەی هەڵوێستە تیۆرییەکان و ئەگەرە سیاسییەکانمان».



# ململانێ
# لەسەر شوێنی
# شارنشینی

## گفتوگۆ لەگەڵ
## دەیڤد هارڤی

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد
Idea

بۆچی ململانێ شارنشینییەکان لە پرۆژەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا گرنگن؟ گرتنی پانتایی گشتی [فەزای گشتی] لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چ بایەخێکی هەیە؟ چۆن لەم چرکەساتە تاریکەی جیهان و، لەنێو ئەو جیاکارییە شارییە و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە زەقانەی دونیادا دەتوانین سەرلەنوێ بیر لەو شتە بکەینەوە کە ئیمکانی هەیە؟ دەیڤد هارڤی **David Harvey** لەم گفتوگۆیەدا، کە لە **24**/تشرینی یەکەمی ساڵی **2013** لەگەڵی سازدراوە، بە قووڵی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە. هارڤی مامۆستایەکی بەتوانای بواری ئەنترۆپۆلۆژیا و جوگرافیایە لە سەنتەری توێژینەوەی باڵای زانکۆی شاری نیویۆرك، بەڕێوەبەری سەنتەری شوێن و کولتوور و سیاسەتە و، چەندین کتێبی پێشەنگی نووسیوە، لەوانە: عەدالەتی کۆمەڵایەتی و شار (**1973**)، سنوورەکانی سەرمایە (**1982**)، شوێنەکانی ئومێد (**2000**)، کورتە مێژووی نیولیبرالیزم (**2005**) و چەند کتێبێکیتر.

هارڤی لەم گفتوگۆیەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن مملانێکان لەسەر پانتایی گشتیی شار و جۆری ژیانی ڕۆژانە لە گەڕەکەکاندا دوو کایەی سەرەکین بۆ تێگەیشتن لە دینامیکییەتی ململانێی چینایەتی و، دەیەوێت تێگەیشتنێکیتر بۆ چینی کرێکار بخاتەڕوو، تاوەکو سەرجەم ئەو خەڵکانە بگرێتەوە کە «ژیانی شارنشینی بەرهەمدێنن و دووبارە بەرهەمدێننەوە».

**دەقی گفتوگۆکە:**

*** ئوستاز هارڤی، بەلای ئەو خەڵك و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەوە، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسییان بۆ گرنگە، بۆچی ململانێ لەسەر شوێنی شارنشینی (یان شوێن و بەرهەمهێنانی شوێن بەگشی) لە گۆڕینی کۆمەڵایەتیدا گرنگە؟**

- باکگراوندێکی سادەی تیۆرییان بۆ دەخەمەڕوو، کە لە خوێندنەوەم بۆ بەشی دووەمی کتێبی سەرمایەو ئەو کتێبانەوە کە لەبارەی ئەو کتێبەوە نوسیومن، پێیگەیشتووم. ئەو ئەرگومێنتە گشتی و سادەیەی مارکس دەیخاتەڕوو ئەوەیە، کە زێدەبایی، قازانج، لە کردەی بەرهەمهێنانەوە دروستدەبێت. هەڵبەت بەشی یەکەمی کتێبی سەرمایە، ئەو بەشەیە کە هەموان دەیخوێننەوە هەمووی لەبارەی بەرهەمهێنانەوەیە، بەڵام تەنانەت لە بەشی یەکەمیشدا مارکس ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دەشێت بەها لەو شتەدا نەبێت، کە بەرهەمهێنراوە هەتاوەکو لە بازاڕدا ئەو بەهایە ڕیالیزە نەبێت و ساغ نەبێتەوە، ئینجا وەك لە گرۆندۆرسێ Grundrisse دا دەڵێت یەکەی لێکدژیی نێوان بەرهەمهێنان و ڕیاڵیزەبووندا بەکردەیی ئەو شتەیە کە پێمان دەڵێت سەرمایە چییە.

ئێستا ئەگەر بیر لەمە بکەنەوە، دەتوانن ئەوە ببینن کە بەرهەمهێنان زێدەبایی بەرهەمدەهێنێت، بەڵام دەشتوانن ئەوە ببینن، کە بەها بە زەرورەت لەهەمان شوێنی بەرهەمهێناندا ڕیالیزە نابێت. بۆ نموونە دەکرێت بەها لە کارگەیەکی چینیدا بەرهەمبهێنرێت ، ئینجا وال-مارت Wal-Mart لە کۆڵۆمبس و ئۆهایۆ ڕیالیزە ببێت. بەم جورە بەشاریبوونurbanization بە زۆر ڕێگا کایەی ڕیالیزەبوون و ساغبوونەوەی زێدەباییە، ئینجا پەیوەستییەکی ناوەکی لە سوڕی سەرمایەدا لەنێوان بەرهەمهێنان و ڕیالیزەبوون و ململانێکان لەکایەی شاریدا بۆ بەرهەمهێنانی بەها و دەستخستنی وەك ململانێ لە شوێنی کاردا، گرنگ و بە بایەخە.

ئێستا کرێکاران دەتوانن بۆ کرێی زیاتر و دۆخی باشتری کار تێبکۆشن و ڕەنگە لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانیشدا

سەرکەوتووبن، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە، کاتێك پارە زیادەکەیان وەردەگرن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە دەبینن، دەبێت بە شێوەی کرێی بەرزی خانوو و باجی کرێدیت کارت و کارتی تەلەفۆن و شتی لەم بابەتە بیدەنەوە بە بۆرژوازەکان. بەم جۆرە لە ڕوانگەی کرێکارەوە، نیگەرانییەك هەیە نەك تەنیا لەوەی کە لە شوێنی بەرهەمهێنان ڕوودەدات، بەڵکو لە تێچوونی ماڵ و ئەو پارەیەی کە دەبێت لەبەرامبەر کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان و کاڵای بازاڕەکان shops و باجە شاراوەکان بۆ پێدانی سوود لەسەر ڕەهنی خانووبەرە و هەموو شتەکانی تر، بدرێت.

بەم جـۆرە، ئەم دوو فۆڕمە لە ململانێی چینایەتی، کە لە زۆربەی تیۆرەکاندا بەشێوەیەکی توند لێکجیاکراونەتەوە، وەك یەکەیەکی لێکدژ contradictory unity تەفسیر دەکەم، ئینجا ئەو ململانێیانەی کە لەنێو شارەکانیشدا لەسەر ژیانی ڕۆژانە ڕوودەدەن وەك ئەو ململانێیانە گرنگن، کە لەنێو شوێنەکانی کاردا ڕوودەدەن. ئـەو یەکێتییەی نێوان ئـەم ململانێیانە بۆ من گرنگییەکی تایبەتییان هەیە، ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر پێیان باشترە دانی پێدانەنێن.

کـەواتـە ئەمە کـاریـگـەری لـەسـەر ئـەوە دادەنێت، کە شارەکان چۆن پێکدێن، تێچوونی ژیانی ڕۆژانە چییە و چۆن جۆری بەکرێگرتن بەسەر شوێنەکاندا دابـەش دەبێت و چۆن بەگیتۆبوون ghettoization دروستدەبێت. لێرەدا دەبێت باس لە چۆنیەتی بەگیتۆبوون بکەین، لە مێژوودا گیتۆ هی هەژارەکان بوو، بەڵام ئێستا گیتۆ هی دەوڵەمەندەکانە، باس لەوەیش بکەین، کێن ئەوانەی گیتۆکان بۆ خۆیان دروستدەکەن و دوور لە جیهان بەسەر خۆیاندا دادەخرێن.

من وەك کێشە سەیری هەموو ئەمانە دەکەم، ئەگەرچی ئەو شتە هەیە کە پێیدەڵێم لێکدژی لەنێوان ئـەو شتەی کە لە شوێنی بەرهەمهێنان ڕوودەدات، ئەو شتەی کە لە شوێنی ژیـان ڕوودەدات. ئێستا دەمەوێت بڵێم دەشێت بە کردەیی داهاتی گەورەت لە شوێنی بەرهەمهێنان دەستبکەوێت، بەڵام لە شوێنی ژیان بیدۆڕێنیتەوە. کرێکاران سکاڵا لە کرێی بـەرزی شوێنەکان دەکـەن، ئێستا دەتوانین بەکردەیی ئەمە ببینین، ئەگەر سەیری سەرمایە بەگشتی بکەین، سەرمایە زێدەباییەکان لەڕێگەی کرێی بەرزی شوێنی نیشتەجێبوون و کرێی تەلەفۆن و ئەو شتانەوە وەردەگرێتەوە.

کاتێك وانە بە خوێندکارەکان دەڵێمەوە ئەمە بۆ گرنگییەکی زۆری هەیە. دەتوانم لـەڕووی تیۆرییە لەبارەی شوێنەکانی کارەوە وانەیان پێبڵێمەوە، بەڵام زۆربەی خوێندکارەکان لە شوێنی کاردا نین، بەڵام ئەگەر باس لەو کرێ و باجانە بکەین کە دەیدەن، ئەوا یەکسەر لە باسەکەمان تێدەگەن. پێیاندەڵێین ئـەوان بۆ هەمان شت تێدەکۆشن، ئینجا ئـەوان لە نێو گەمەی ململانێی چینایەتیدان.

بـەلای منەوە ململانێ لەسەر پانتایی شارنشینی و جۆری ژیانی ڕۆژانە لە گەڕەکدا دوو شتی زیـنـدوون و یارمەتیمان دەدەن تاوەکو لە دینامیکیەتی ململانێی چینایەتی تێبگەین. ئەو شتەی کە باوەڕپێنەکراوە ئەو نەرمییە گەورەیەیە کە سەرمایە هەیەتی، ئەگەر لێرە بدرێت لەولا وەردەگیرێتەوە. لە سایەی

**ئێستا ئەگەر بیر لەمە بکەنەوە، دەتوانن ئەوە ببینن کە بەرهەمهێنان زێدەبایی بەرهەمدەهێنێت، بەڵام دەشتوانن ئەوە ببینن، کە بەها بە زەرورەت لەهەمان شوێنی بەرهەمهێناندا ڕیالیزە نابێت. بۆ نموونە دەکرێت بەها لە کارگەیەکی چینیدا بەرهەمبهێنرێت**



دیموكراسیی كۆمەڵایەتیدا بە ڕۆژگارێكدا تێپەڕین، كە دەسەڵات هەندێك لە شوێنی كار پاشەكشەی كرد، كەچی هەوڵیدا ئەو زێدباییەی كە دەیدایە كرێكار لەڕێگەی میكانیزمی ترەوە هەڵبمژێتەوە. پێموایە بۆ بەدبەختی لە زۆرینەی شێوازەكانی بیركردنەوەدا، بە تیۆری ماركسیزمیشەوە، ئەوەی لە شوێنی ژیاندا ڕوودەدات وەك مەسەلەیەكی لاوەكی سەیری كراوە. سەرمایە زۆر ئاسوودەیە كاتێك دەبینێت هەمووان پێیانوایە مەسەلەی شوێنی ژیان بابەتێكی لاوەكییە، چونكە ئەوكاتە وەك بەشێك لە دینامیكییەتی ململانێی چینایەتی توخنی ئەم كایەیە ناكەوین. بەلای منەوە ئەو یەكێتییەی نێوان بەرهەمهێنان و ڕیالیزەبوون بۆ ئەوە زۆر گرنگە كە چۆن بیر لە پەیوندی نێوان بەرهەمهێنانی بەها و زێدەبەها و ڕیالیزبوونی بكەینەوە، بێگومان یەكێك لە كێشەكانی تیۆری ماركسی ئەوەیە، كە كەس بەشی دووەمی سەرمایە وەك ڕیالیزەبوونی پرۆسێسەكە ناخوێنێتەوە. خوێندنەوەی بەشی دووەم زۆر سەختە، بەڵام پێموایە فەرامۆشكردنی ئەو پارچەیە هۆكاری بوونی نوقسانییەكی مەترسیدارە لە شیكارییە ڕادیكاڵەكاندا كە یەكێتی لەنێوان بەرهەمهێنان و ڕیالیزەبووندا نابینێت.

***ڕۆشناییەكی زۆر خرایە سەر ڕیشەكانی ڕاپەڕینەكانی پاركی غازی لە ئەستەمبوڵ، بەڵام ڕیشەكانی ڕاپەڕینە عەرەبییەكان كەمتر بایەخی پێدرا ئەگەرچی بۆ نموونە لە میسر قەیرانەكانی نیشتەجێبوون و بێتوانایی گەنجان بۆ دابینكردنی شوێنی نیشتەجێبوون تاوەكو خێزان پێك بهێنن، كێشەگەلێكی زۆر دیار و بەچاون. چۆن جیاوازی لە ئامانجی قەیرانی شارنشینی لەو دوو ڕاپەڕینەدا دەكەیت؟**

- باشە.. من لە كاروباری ئەستەمبوڵ و قاهیرەدا زۆر شارەزا نیم، بۆیە زۆر قورسە ببمە شارەزایەكی زانا لە هەندێ شتدا كە شتێكی ئەوتۆی لەبارەوە نازانم. دوای ئەم تێبینییەم دەڵێم: من بەر لە ڕاپەڕینەكە سەردانی ئەستەمبوڵم كرد، هەڵبەت وەك پێویست شتێكم لەبارەی ئەستەمبوڵەوە زانی، تاوەكو ببینم ئەو شارە بە پرۆسەیەكی سەیری سەرلەنوێ گەشەپێدانەوەی شارییدا تێدەپەڕێت، بەرزكەرەوەی بینادروستكەرەكان لە هەموو شوێنكی ئەو شارەدا دەبینران! ئابوریی توركی دووەم خێرا گەشەكردووترین ئابوریی جیهانە لە ڕووی گەشەسەندنەوە، بیناكردن و بەشاریكردنیش ڕۆلیان هەیە لەم گەشەكردنەدا، بەڵام ئەم خۆپڕوكان و پرۆژە فووتێكراوانە، خەڵكی سەرگەردان دەكات. لەوێ چوومە ئێستگەیەك و پێموتن ئەمە دەمخاتەوە بیری ساڵی 2005 مەدرید بەر لە داڕووخان، لەوێیش ململانێیەكی زۆر دژی هەڵكەندنی خەڵكی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبوو وەك ئێستای ئەستەمبوڵ. جا بەهۆی وتنی ئەمەوە جەماوەری خۆمم لەدەستدا. من زۆر بەختم هەبوو، كە لەوێ هەندێك دۆستم هەبوو و بردومیانە شوێنە جیاوازەكانی شارەكە و ئەوەیان پیشاندام كە ڕێككارییەكان و پرسەكانی چۆڵكردنی شوێنەكان چۆن بەڕێوە دەچن. لەم هەڵوێستەدا بۆم دەركەوت بزووتنەوە شاری-كۆمەڵایەتییەكان زۆر بە ڕوونی پەرێشان و پەستن. هەڵچوونێكی زۆر دژی ئەو پرۆژە گەورانەی وەبەرهێنان هەیە، كە حكومەت بۆ شارەكەی داڕشتبوون، جا كاتێك نەخشەی گۆڕەپانێكیان داڕشت، هەرگیز لەوە زۆر سەرم نەسوڕما كە جۆرێك لە پەرچەكردار دژی هەبوو، بەڵام پەرچەكردارەكە وەك ئەوە بەهێز و زەق نەبوو كە لە میسر و باكوری ئەفریقا دەبینرا. لە باكوری ئەفریقا باكگراوندێكی زۆری پانزە ساڵە، یان بیست ساڵەی ململانێ و خۆپیشاندانی چەندبارە بۆ خۆراك هەبوو. نرخی بەرزی خواردەمەنی مەسەلەیەكی مەترسیدارە، بەڵام زیادبوونی بێڕادەی نایەكسانی و گەندەڵی زەق و ئاشكرا دەبینن. كاتێكیش ڕاپەڕینە عەرەبییەكان لە قاهیرە دەستیان پێكرد، لە سەرەتادا وا بیرمدەكردەوە كە چەند لە پاریسی كاتی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1848 دەچێت، لەبەرئەوەی لێكچوونی گرنگ هەیە لەنێوان پاریسی 1848 و قاهیرەی ئێستادا. لە پاریسی ئەوكاتەدا خەڵكی بڕیاریاندا خۆیان لە شا فیلیپ ڕزگار بكەن. هەڵبەت لە پاشا ڕزگاریان بوو، بەڵام ئەمە بەشە ئاسانەكە بوو. بەو ڕۆژانە دەڵێم

ڕۆژەکانی شوباتی ساڵی 1848، هاوشێوەی ئەمە ڕاپەڕینەکانی 24ی کانوونی 2011 ی میسر بوو، کە بە گەمارۆدانی موبارەك کۆتایی هات. لە پاریسی ئەوکات دوای چەند مانگێك لـە ڕۆژانـــی حوزەیرانی 1848 دا ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوونی کرێکاران ڕوویــدا و نەزمەکە لەلایەن دەزگـــای سـەربـازیـیـەوە خـرایـەوە جێی خۆی و، یاخیبوونەکە سەرکوت کرا. ئەمە کۆتایی ڕاپەڕینەکە بوو. ئەوەی لە دوای 30 حـوزەیـرانـی 2013 و لە 3 تەموزدا لە میسر ڕوویــدا بەشێوەیەکی سەیر لە ڕۆژانی حوزەیران دەچوو، بەتایبەتیش ئەو سەرکوتەی کە سەرباز کردی. لە قاهیرە شۆڕشەکە سۆشیالیستی نەبوو، شۆڕشی کۆماری بۆرژوازیی بوو کە ئامانجەکەی ڕزگاربوون بوو لە گەندەڵی و نایەکسانی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسیتر. نازانم ئەم بەراوردە چەندە سوودبەخشە و ئەتوانم تا کوێ دریـژی بکەمەوە. لە قاهیرەیش هاوپەیمانییەکی بەهێز و ڕوون دەرکەوت کە لەمەدا تۆزێك لە ئەستەمبوڵ دەچوو، بزووتنەوەی کرێکاران لە قاهیرە دەرکـەوتـن (کـە بۆ کاتێکی دیاریکراو کەوتبوونە جۆشوخرۆش). بەم جۆرە هەم بزووتنەوەی کرێکاریی هەبوو هەمیش خەڵکانی بـێـزاری شـارەکـە هـەبـوون کە لەدەست نایەکسانی نرخی بەرزی خۆراك و ڕێژەی زۆری گەندەڵی وەڕز بووبوون، بەڵام هاوپەیمانی لە قاهیرە زۆر ناچوونیەك بوو، پێموایە لە ئەستەمبوڵیش هەر وا بوو. بۆ نموونە لە ئەستەمبوڵ هەوادارانی تۆپی پێی یانەی چینی کرێکار (بەشکتاش) ئەو دروشمە سێکسییانەیان بەرزکردبوویەوە کە ژنان لێیان ڕازی نەبوون. بۆیە داوایان لێکردن دروشمەکانیان بگۆڕن و ئەوانیش وایان کرد. بەم جۆرە لە هەردوو حاڵەتەکەدا یەکریزییەکی ناچوونیەك هـەبـوو لە ئاراستەکردنی تووڕەیی بۆ سەر سیستەمەکە کە بەشێوەیەکی زۆر ئۆتۆکراسی کاری دەکـرد و، هیچ جـۆرە ڕاوێژێکی قبووڵ نەدەکرد. ناڵیم ئەمانە شۆڕشی سۆشیالیستی بوون، بەڵکو ڕاپەڕینی ناڕەزایەتی شارییانە بـوون. حکومەتی ناوەندیی تورکی زۆر ئەستەمبوڵی خۆش ناوێت، ئەم نموونە کلاسیکییە لەڕووی لێکچوونییەوە لەگەڵ پاریسدا گرنگی خۆی هەیە. ئەستەمبوڵ سەنتەری ئۆپۆزسیۆنە و سەنتەرە شارییە سەرەکییەکانی تریشە. بەم جۆرە کاتێك حکومەت خۆی دژی بەشاریکردن نییە، چونکە ئەم جۆرە گەشەکردنە شارییەی پێباشە، ئـەوا بەدڵنیاییەوە زۆر ئەو خەڵکانەی خۆش ناوێت کە بەڕێژەیەکی زۆر لەم ناوچانەدا هەن.

*** بەڵام ئایا ناکرێت وایدابنێین کە بێزاری لە ئۆردوگان هەمان بێزارییە لە موبارەکیش؟**

- بـاشـە.. لـە هــەردوو حاڵەتەکەدا ئـەوەی گـەل لە دژی هەڵسان ستەم و دەسەڵاتخوازی authoritarianism بوو، ئینجا ئاستی گەندەڵی لە هەردوو وڵاتەکە زۆر بـەرزە، هـەردوو سیستەمەکە خۆیان



baudelaire

لەسەر ئاستێکی گەندەڵی دروستبوون. من نالێم گەندەڵی لە وڵاتێکی وەکو ویلایەتە یەککگرتووەکاندا نییە، تاکە جیاوازییش ئەوەیە، کە گەندەڵی لە ویلایەتە یەککگرتووەکان یاساییە (سەرنج لە تێچوون و سپۆنسەریی هەڵمەتە سیاسییەکانی هەڵبژاردن بدە لەلایەن کۆمپانیاکان و کۆمەڵەکان و لیژنەکانی کاری سیاسییەوە).

***لێکچوون (یان لێکنەچوون) لەنێوان بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» Occupy Wall Street (OWS))و راپەڕینە عەرەبییەکاندا هێشتایش جێگای پرسوباسە. هەندێك بەشداریکەری بووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» پێیانوایە راپەڕینە عەرەبییەکان ئیلهامی بەو بزووتنەوەیەش بەخشیوە، هەندێکیتریش پێیانوایە ئەم دوو بزووتنەوەیە جیاوازن و قابیلی بەراورد نین. جیاوازی نێوان «وۆڵ ستریت بگرن» و راپەڕینە عەرەبییەکان لە لایەنی جیاکاری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە هەردوو سیاقەکەدا، چۆن دەبینیت؟**

- «بەهاری عەرەبی» بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە کە سەرجەم جۆرەکانی بێزاری و تووڕەیی لە سیستەمی حاکم، کە وەك سیستەمێکی بێ هەست لێیان دەوانی، کۆکردەوە. هەڵبەت شارەزایەکی قووڵم لە بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» نییە، چونکە لەو ساڵەدا من لە مۆڵەتدا بووم و دە ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی بزووتنەوەکە سەفەرم کردبوو.

ئەگەر سەیری پێکهاتەی ئەو خەڵکانە بکەن کە چووبوونە بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن»ـەوە، ئەوا دەردەکەوێت وەك پێکهاتەی ئەو خەڵکەی ڕژابووە مەیدانی تەحریر، یان تەنانەت پارکی غازییەوە هەمەڕەنگ نەبوو. ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێکی چکۆلە بوو، کە کارنامەیەکی رادیکاڵیی هەبوو و دەیەویست کارنامەکەی بخاتە سەر مێز. کۆمەڵێکی زۆر کەم بوون کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد بە ناوی 99% ی دانیشتوانەوە قسە دەکات.

بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» لە رووی تیۆرییەوە گرنگە چونکە هەرگیز رازی نابێت وەکو بزووتنەوەیەکی پێشڕەو a vanguard movement ناوی بهێنرێت بەڵام لە حەقیقەتدا وابوو، ئەمەیش لێکدژییە جەوهەرییەکەی بوو. ئەو بزووتنەوەیە لەوەدا زۆر کێشەی ناوەکیی هەبوو، کە چۆن ئەم بزووتنەوەیە بگۆڕن بۆ شتێکی جیاواز. رێسایەکی دیاریکراو دانرا. دەبوو هەموو شتێك ئاسۆیی بێت. پێموایە هەندێك ئیلهامی لە بەهاری عەرەبییەوە وەرگرتبوو، بەو واتایەی کە دەشێت بۆ وەدیهێنانی شتێك بچینە دەرەوە و برژێینە سەر شەقام. سەنتەرداریی لە هەموو ئەو بزووتنەوانەدا گرنگ بوو. هێنری لێفیبەر دەڵێت سەنتەرداریی بۆ بزووتنەوەی سیاسی شتێکی جەوهەرییە. لە هەردوو حاڵەتەکەی «بەهاری عەرەبی» و «وۆڵ ستریت بگرن»دا، داگرکردنی شوێنێکی سەنتەریی ڕەمزیی روویدا، بەڵام پێموایە ئەگەر راپرسییەك لەنێو ئەو خەڵکانەدا بکەن کە لە «وۆڵ ستریت بگرن» و لە مەیدانی تەحریر و پارکی غازیدا بەشدارییان کردبوو، ئەوا هەرگیز ناگەنە هیچ لێکچوونێکی گەورە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، هەردووکیان گوزارشتبوون لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. وێرای ئەوەی بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» کۆمەڵەیەکی چکۆلەی رادیکاڵیی بوو کەچی گوتاری سیاسی لە ویلایەتە یەککگرتووەکان گۆڕی. مەسەلەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی گەیاندە ئاستێك کە ئیدی دەبوو چارەسەربکرێت. بەر لەم بزووتنەوەیە هەرگیز مەسەلەی نایەکسانی چارەسەر نەکرابوو، پێیشموایە هەڵبژاردنەوەی ئۆباما بۆ جاری دووەم تاڕادەیەك بەهۆی مەسەلەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتییەوە بوو. لە نیویۆرك خەریك بوو «بیل دی بلاسیۆ» بۆ سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێرین، کە چیدی لە چینی بلیۆنەران نەبوو، ئەو باسی لە بوونی دوو شار دەکرد: یەکێکیان هی دەوڵەمەندان و یەکێکیشان هی هەژاران و دەیویست شتێك بەرامبەر نایەکسانی کۆمەڵایەتی بکات (لە 5 تشرینی دووەمدا دوای ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا، بلاسیۆ هەڵبژێردرا). بەم جۆرە مەسەلەی نایەکسانی خرایە پێشەوەی بیرکردنەوەی هەمووانەوە و لەمەیشدا بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو.

*** کەواتە تۆ پێتوایە بزووتنەوەی**

**«وۆڵ ستریت بگرن» ئەو شتەی بەدەستنەهێنا، کە وەك بزووتنەوەیەك لێی چاوەڕواندەکرا و ئیتر کاریگەرییەکەی سەرەتای کۆتایی هات، کەچی دەیشڵێیت «وۆڵ ستریت بگرن» هەندێك مەسەلەی خستە پێشەوە کە پێشتر باس نەکرابوو؟**

- بەڵێ، پێموایە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو. ئامانجەکەی ئەوەبوو شارەکە بۆ کردەیەکی ڕیشەیی ڕادیکاڵی و دروستکردنی کۆمەڵەی فەوزەوی سەربەخۆ لە هەموو شوێنێك پاڵ پێوەبنێت. شتی گرنگ بۆ بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» ئەوەبوو کە کۆتایی نەهات، چونکە زۆر بە باشی لە هەرێمەکان و ناوچەکانی تریشدا چالاك بوو، کۆمەڵە خەڵکێکیشی هێنایە پێشەوە کە بەخێرایی و بەشێوەیەکی زۆر چالاك لە کاتی زریانی ساندیدا کاریان کردبوو. لەمەیشدا بزووتنەوەکە توانی وا بکات، پەخشێکی ڕۆژنامەگەری زۆر باش بۆ ئەم کارە بکرێت، چونکە لە ڕاستیدا لە خاچی سوورو وەکالەتی بەڕێوەبردنی فیدراڵیی حاڵەتی ناکاو، خێراتربوون. پێموانییە دادگەرانە بێت کە بڵێم هەموو شتێك تەواو بوو، بەڵام بزووتنەوەکە لەم کاتەدا کە لە پانتاییە سەنتەرییە ڕەمزییەکە کشایەوە، بایەخە سیاسییەکەی خۆی لەدەستدا. ئەگەر بە هەرێم و ناوچەکانی تردا بڵاوبیبێتەوە، کەس سەرنجی ئەوە نادات کە خەریکی چیت، بەڵام هێشتایش زۆر کار هەیە، کە لە هەرێم و ناوچەکانی شاری نیویۆرکدا دەیکەن.


*** ئایا ئەمە پەیوەستە بەوەوە، کە چۆن وێنای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکەین؟ بیرۆکەیەك هەیە دەڵێت، لەبەئەوەی خەڵکی لە شەقامەکاندا نەماون کەواتە بزووتنەوەکە کۆتایی پێهاتووە، بەڵام تۆ دەڵێت وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» پەرش و بڵاویش بوویەوە، کەچی کارەکانی مەیدانی سیاسیی لە شارێکی وەك نیویۆرکدا دارشتۆتەوە.**

- بەشێکی زۆری سیاسەت ڕەمزییە. بزووتنەوەکە لە ڕووی ڕەمزییەوە شتێکی بەدەست هێنا و لەڕووی ڕێخکستن (تەنزیم)ەوە لە وەیدهێنانیدا شکستی هێنا. دەستکەوتی ڕەمزی گرنگە، سەرۆکی نوێی شارەوانی بەڵێنی ئەوەیدا کە یەکەم کاری دانانی باجی زیاترە لەسەر دەوڵەمەندەکان، لەپێناو ئەوەی بیکاتەوە بە چاودێریی گشتیی بەر لە قوتابخانە لە سەرجەم شارەکەدا. پێموانییە کاندیدێك لە ئاستی پێگەی سەرۆکی شارەوانیدا بوێریی ئەم بەڵێن و گفتەی هەبووایە، ئەگەر ئەو ڕاستییە نەبووایە کە بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» بە توندی نایەکسانی خستۆتە خشتەی کارەکانەوە.

***بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» و ناڕەزایەتییە هەمەجۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرکردنی شوێنی گشتی (باخچەکان و مەیدانەکان)یان وەك ڕەگەزێکی تەکتیکی بەکارهێنا. ئەم تەکتیکی شوێنگرتنە چۆن بزووتنەوەکانی دارشتۆتەوە و ئاسۆی چ جۆرە سیاسەتێك و توانایەك دەکاتەوە و سنوورەکانی لە کوێدان؟**

- پێموایە سێنترالێتی ئەو شوێنانەی کە

**«بەهاری عەرەبی» بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە کە سەرجەم جۆرەکانی بێزاری و تووڕەیی لە سیستەمی حاکم، کە وەك سیستەمێکی بێ هەست لێیان دەوانی، کۆکردەوە. هەڵبەت شارەزایەکی قووڵم لە بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» نییە**



ئەم بزووتنەوانە داگیریانکرد، ئاماژەیەکی گرنگە. ئەگەر شوێنێکی سەرەکی داگیر بکەیت سەرنجەکان دەخەیتە سەر خۆت، خۆ ئەگەر ئەمە نەکەیت ئەو شوێنانە لەدەستدەدەیت. ئەم بزووتنەوە ڕەمزییانە بۆ وەدیهێنانی شتێك گرنگن، ئەوەیش لەو سنوورەدا کە سیاسەت تێیدا دەبێتە سیاسەتێکی ڕەمزی.

شتێك کە لە دەوری بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن»ەوە پەیدابووبوو ئەو ئاستەی تێڕوانین بوو، کە دەشێت شوێنێکی گشتی ببێتە شوێنی کۆبوونەوەی سیاسی. بەلای ئێمەوە دانانێك هەیە بەوەدا کە زۆر پانتایی گشتی لە دەوروبەرماندا هەن، بەڵام لە بەردەستی جەماوەردا نین تاوەکو ئەو شتانەی تێدا بکەن کە دەیانەوێت. پانتایی گشتی شوێنێکی ڕکێف کراوە و، لەپێناو ئامانجێکی هاوبەشدا بوونی نییە. لە ئێستادا جەختکردنەوەیەکی سەرەکی لە شاردا هەیە لەسەر مەسەلەی کۆبوونەوە و گردبوونەوەکان: ئایا شوێنی گشتی ئەوتۆ هەیە کە بتوانین بە کردەیی تێیدا کۆببینەوە؟

شتێکیتر کە لەبارەی بزووتنەوە «وۆڵ ستریت بگرن»ەوە جێگای سەرنجە تواناى خێرای پۆلیس بوو بۆ دامرکاندنەوە. بزووتنەوەیەکی هاوشێوەمان لە باڵی ڕاستڕەوەوە هەیە، ئەویش حیزبی «چای»یە Tea Party. هەفتەی ڕابردوو حیزبی چایی پەرژینی دەوری مۆنیۆمێنتی جەنگی دووەمی جیهانییان لە واشنتۆن هەڵگرت، پەرژینەکانیان هەڵکەند و لە بەردەم کۆشکی سپی فڕێیاندا، پۆلیس یەك شتی نەکرد، بەڵام ئەگەر شتێك یەك ئینج لە پارکی زوکۆتی [شوێنێکی گشتی کە موڵکی تایبەتیە و سەنتەری ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی (وۆڵ ستریت بگرن) بوو، لە نیویۆرك] بجوڵێنیت دەستبەجێ دەگیرێیت. پێموایە ئەم فەرق و جیاکارییە بۆ گرتنی خەڵکی لەلایەن پۆلیسەوە ئێستا بۆتە شتێکی جێگای سەرنج. پێموایە ململانێکان لەسەر ئەم شوێنە ڕەمزییانە بەشێکی گرنگی تەکتیکەکانی چەپە.

***بۆ مارکسیستە جوگرافییەکان، گۆڕانکارییەکان لە بەرهەمهێنانەوەی دۆخی شارنشینیدا (سەرمایەداری و لیبرالی و ..هتد)، بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی زەرورییە. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرێك لە تیۆریست و ئەکتیڤیستەکانی تر فۆکەسی خۆیان خستۆتە سەر ململانێکان لە شوێنی کار. ئایا بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت بگرن» و ڕاپەڕینە عەرەبییەکان فۆکەس ئەگێڕنەوە سەر ململانێی چینەکان لە فەزای شارنشینیدا؟**

- دەبێت هەردووکیان پێکەوە دابنێیت. ئەگەر شوێنەکانی کار بگۆڕیت و شار دەستکاریی نەکەیت دەبێت لە هەندێ خاڵی دیاریکراودا بپرسیت ئەی ئامانج لەمە چییە؟ ئەگەر خەڵکی هەلومەرجی ژیانی نیشتەجێبوونیان ترسناك بێت و نەتوانن باجی شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان بدەن، ئەگەر بێماڵ و حاڵ بن، تەنانەت ئەگەر وەزیفەیشیان هەبێت، ئەوا تێکۆشان و بگرە سەرکەوتن لە شەڕەکانی شوێنی کاردا، ئەگەر شار لە دۆخی متبووندا بێت، ناتگەیەنێت بە هیچ. بۆنموونە ئێستا ئەم مەسەلانە لە مایەپووچبوونی دیترۆیت دا دەردەکەون. ئەمە ڕواڵەتێکی سەرەکییە لەبارەی ئەوەی کە دەبێت چۆن ململانێ بکەین و تێبکۆشین، ئینجا زۆریش بەلامەوە سەیرە، کە هەندێك خەڵك وەك هەمان یەکەی ململانێ وەك یەکێتییەك بیریان لەمە کردۆتەوە.

لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، حیزبی سۆشیالیستیی کرێکاری لە بەریتانیا، کە یەکێکە لە بەهێزترین حیزبە چەپەکانی ئەوروپا، پشت بە کرێکار و گارکە دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێك لە چالاکییە زۆر سەرکەوتووەکانی پەیوەستە بە مەسەلەی باجی سەرنشینییەوە، کە مەسەلەیەکی شارنشینییە. ئەم مەسەلە بوو کە بووە مایەی ڕزگاربوون لە مارگرێت تاتچەر. ئەم حیزبە لەڕێگەی مەسەلەی شارنشینییەوە (چاکسازیی لە دابینکردنی خەرجیی لۆکاڵیی حکومەت) لە سیاسەتدا کاریگەرە و جیاوازییە ڕاستەقینەی دروستکردووە.

دەربڕینێکی قەشەنگی کۆنی ئەنتۆنیۆ گرامشییم بەرچاوکەوت کە هی ساڵی 1918 یە (هەڵبەت گرامشی تێکۆشەرێکی بەهێزبوو لەپێناو ئەنجومەنە کرێکارییەکاندا (workers' councils)،

دەربڕینەکە دەڵێت: ئەنجومەنە کرێکارییەکان تەنیا بایەخ بەو شتانە دەدەن، کە لەو هێڵە تایبەتەی کاردا ڕوودەدەن. زۆر گرنگە ئەنجومەنە کرێکارییەکان بایەخ بە ڕێکخستنەکانی گەڕەك neighborhood organizations بدەن، چونکە ئەم ڕێکخستنانەی گەڕەك بەو ئەندازەیەی کە کرێکارەکانی خاوێنکردنەوەی شەقامەکان [کەناسەکان] و کرێکارەکانی گواستنەوەو فەرمانبەرەکانی بانکەکان و هەرکەسێکتر لەگەڵ یەکتر کۆدەکەنەوە، ئەوا تێگەیشتنێکی باشتریشیان بۆ دۆخی چینی کرێکار وەك گشتێك as a whole دەبێت، باشتر لەو تێگەیشتنەی ئەنجومەنە کرێکارییەکان [بۆ چینی کرێکار] هەیانە و تەنیا لە چەند ئایدیایەکدا دەربارەی هێڵە تایبەتەکانی بەرهەمهێنانە پیشەسازییەکەی کورتیان کردۆتەوە. گرامشی دەڵێت: «با ئەم دوو فۆرمەی ڕێکخستن پێکەوە دابنێین». پێموایە بۆماوەیەکی درێژ ئەمە سیاسەتی سەرەکیی منە، بەڵام بەردەوامیش جەخت لەسەر شارنشینی دەکەمەوە، چونکە زۆربەی هاوڕێکانم لە بزووتنەوە مارکسی و سۆشیالیستییەکاندا دەیانەوێت تەنیا فۆکەس بخەنە سەر بەرهەمهێنان و بزووتنەوە کرێکارییەکان، لەبری ئەوەی وەك گشتێك لە دۆخی چینی کرێکار لە شاردا بڕوانن.

***تۆ و هێنری لیفیبەر و جوگرافەرە مارکسیستەکانی تر مشتومڕی ئەوەتان کردووە، کە چۆن شار و ژینگەی باڵەخانەیی built environment بەشێوەیەکی گشتی شوێنەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایەن، بە زۆرییش ئەمە لە ڕێگەی لە موڵکایەتیخستنەوە dispossession ڕوودەدات، لەگەڵ نرخی بەرزی زەوی و خانوودا، کە هەمیشە چینی کرێکار و خەڵکانی هەژار لە زۆربەی شارەکاندا دەیدەن بە دونیای دەرەوە، ڕێگاکانی دەرەوە، بۆ دەوروبەرەکان و گیتۆکان و شارە میللیەکان، هەندێك لەو ئەگەرە چەمکییانە conceptual possibilities چین کە دەکرێت یارمەتیمانبدەن لەوەی بەرەو ململانێی کۆمەڵایەتی لەسەر ژینگەی باڵەخانەیی بچینە پێش؟**

- وەك چۆن شار شوێنی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە، بەهەمان شێوە شوێنی ڕیالیزەبوونی سەرمایەیشە و، دەبێت ئەم ململانێیانەش پێکەوە دابنێین، ئینجا وەك تۆ دەڵێیت، من و لیفیبەر و چەند هاوڕێیەکی تر، وتمان سەرمایە سوڕێکی لاوەکیی هەیە، کە تێیدا پارە لە بە بیناکردنی شارەوە city-building هەڵدەقوڵێت. پیشەسازیی شار وەك پیشەسازیی پارچەی کەلوپەل لە کارگەکاندا گرنگە. وەك پێویست لەوە ورد نەبووینەتەوەهم کێ شار دروستدەکات و چۆن دروستدەکرێت. لەم ڕۆژگارەدا هێزەکانی کار بە زۆری ڕێکەوت و کاتین- بە دەوروبەردا بڵاودەبنەوە و دەجوڵێن و، ڕێکخستنیان سەختە. جا بەهۆی کەمبوونەوەیەکی زۆری کرێکارانی کارگەوە خەڵکی زۆر دەپرسن: کوانێ چینی کرێکار؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئێمە دەبێت وەك سەرجەم ئەو خەڵکانەی ژیانی شارنشینی بەرهەمدێنن و بەرهەم دەهێننەوە، وێنای چینی کرێکار بکەین و کۆنسێپتوالیزەی بکەین.


*ئایا کۆمێنتێك یان پرسیارێکت هەیە بۆ سەرجەم ئەو ئەکتیڤیستانەی کە لە دەرەوەن؟

- نەخێر، من ڕێسایەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕێنماییەك لەبارەی پێگە و دۆخە لۆکاڵییەکانیانەوە نادەم بە ئەکتیڤیستە لۆکاڵییەکان، چونکە ئەوان لە من باشتر دەزانن چی دەکەن!

سەرچاوەکان:

سایتی (الجدلية Aljadaliyya) ئەم چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ هارڤی ئەنجامداوە. ئەم سایتە بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە، بۆ وەرگێڕانی ئەم گفتوگۆیە سودم لە هەردوو دەقە عەرەبی و ئینگلیزییەکە وەرگرتووە، کە ئەمەی خوارەوە ناونیشانەکانییەتی:

- الصراع على الحيز المديني, حوار مع ديفيد هارڤي، ترجمة: أسامة إسبر، http:// www.jadaliyya.com



# قەیرانی ماتریالیزمی مێژوویی

وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر

لەڕاستیدا ئاستی ڕادیکالیزمی هەندێک لەو پەرچەکردارانەی بینیمان گەلێک سەیر بـوون، هاوکات ئـەوەی جێگەی سەرنجە، ئەو بارگرانییەیە کە چەپەکان، جیاواز لە ڕاستەکان، لە مامەڵەکردنێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەو پەرچەکردارانەدا نیشانیانداوە، بـەڵام تەنها بڕێک بیرکردنەوە بەسە بۆ ڕەویــنــەوەی ئـەم دۆخــە نــاوازەیــە. ئەم فۆڕمە بیرکردنەوەیە، کە فۆڕمێکی دژ بە دەسەڵات و هەموو گوتارێکە، ڕەسەنایەتیی دەنگەکانی دیکە دووپاتدەکاتەوە، باوەش بۆ جیاوازییەکان و ناناوەندێتیی و چێژی بازاڕیی و تەنانەت خەیاڵیش دەکاتەوە، بەڵام لەسەر حیسابی [واقیعی] بەرجەستە، کە فۆڕمێکی ڕادیکاڵ و ڕیشەگۆڕە، تا ئەو ڕادەیـەی بە شێوەیەکی خۆڕسکانە بەکاردەهێنرێت. دەشێت کۆی ئەو ئایدیایانەی پەیوەستن بە پۆستمۆدێرنەوە، لەسەر دەستی بەکارهێنەرە هەرە بەرپرسیارەکانی، ببنە ئایدیای هەرە ڕادیکاڵ، بۆئەوەی سەرلەنوێ وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی ڕیشەیی و ڕادیکاڵ، کە پاڵنەر بن بەرەو سیاسەتگەلێکی ئازاد و ڕزگاریخواز دەربـکـەونـەوە، بە هەمان ڕێگەی دەرکەوتنەوەی وەرچەرخان بەرەو میکانیزمە نەرمەکانی کـارکـردن، وەک ئـەوەی دەروازە لەسەر سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییە دیموکراسیەکانی کارکردن و پرۆژە لامەرکەزییەکانی هاریکاریی لەسەر بازنەیەکی فراوان.

ڕووداوەکانی ساڵانی شەستی سەدەی بیست و مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی ساڵی 1968، لە ڕوانگەی ڕاستڕەوە نەریتییەکانەوە، وەک دوو ڕووداوی وێرانکەر دەرکەوتن، لەبەرئەوە وەسفەکانی (دانیال بێڵ) لە کتێبەکەیدا بە ناوی «لێکدژییە کولتورییەکانی سەرمایەداری»، وێـڕای ئـەوەی بەتەواوی لە گۆشەنیگایەکی ڕاستڕەوانەوە نوسراوەو ئامانجەکەی گێڕانەوەی ڕێز و شکۆیە بۆ دەسەڵات، بەڵام گەلێک بەدیقەتترە لە هەوڵی چەپەکان بۆ تێگەیشتن لەوەی دەگوزەرێت. نوسەرانی دیکەش لە نموونەی (تۆفلەر و تەنانەت ماکلاهان)، توانیویانە بە شێوەیەکی وەها کە چەپەکان خۆیان نەیانتوانیوە ببینن، گرنگییەکانی شوێن و کات و ئەو شلەژانانە ببینن کە لێیان کەوتۆتەوە، لەبەرئەوەی بەدیاریکراوی [ڕاستەکان] بە قووڵی خۆیان لەناو شڵەژانەکاندا تێوەگلابوون. تەنها بەم دواییانە چەپ توانی بگاتە بەراوردێکی ڕاست و دروستی ئەو پرسانە، بە بۆچوونی من کتێبەکەی مارشاڵ بێرمەن، [بە ناوی: هەرچی ڕەق و بەستووە دەبێتە هەڵم] کە ساڵی 1982 بڵاوبۆتەوە، سەرکەوتوو بووە لە گێڕانەوەی بەها بۆ ئەو پرسانە، ئەویش لە ڕێگەی تەماشاکردنی مارکس وەک یەکەم گەورە نوسەری مۆدێرنیست، [کتێبەکە] لەوە زیاترە تەنها ڕاڤەیەکی مۆدێرنیتە بێت لە ڕوانگەیەکی مارکسیستییەوە.

چەپی نوێ سەرقاڵە بە خۆڕزگارکردن لە پێوەندە دوالیستییەکانی سیاسەتی چـەپـە کـۆنـەکـان (بەتایبەتی لـە پارتە کۆمۆنیستییە تقلیدییەکان و مارکسیستییە ئەرتەدۆکسییەکان) لـەلایـەک، و هێزی داپڵۆسێنەری سەرمایەداریی کۆمپانیا و دامــەزراوە بیرۆکراسییەکان (دەوڵــەت، زانکۆکان، سەندیکاکان و ...هتد) لە لایەکی دیکەوە. چەپ هەر لە سەرەتاوە لەیەککاتدا وەک هێزێکی کولتوری و هێزێکی سیاسی-ئـابـوری لـەخـۆی ڕوانـیـوە، فاکتەرێکی یـارمـەتـیـدەریـش بـووە بـۆ چەسپاندنی وەرچەرخان بەرەو ئیستاتیکا، کە جێگەی هەوڵی پۆستمۆدێرنەش بووە.

بەڵام ئەم هێڵە کردەییە سەریکێشاوە بۆ چەندین ئەنجامی بێ مەبەست. بۆ نموونە سەریکێشاوە بۆ بزاوتن بـەرەو سیاسەتە کولتوورییەکان کە پەیوەستن بە ئەنارشیزم و لیبەرتاریزمەوە، زیاتر لـەوەی ڕوویـان لە نەریتێکی مارکسیستیی بێت، هاوکات ڕۆڵیشی هەبووە لەوەی چەپی نوێ بخاتە ناو چنگی بزووتنەوە دژە پرۆلیتارییەکان و هەڵوێست و دامەزراوەکانیان. بەم شێوەیە چـەپ کەوتۆتە دەستی ئـەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی، کە هەر خۆیان لێکەوتەی تەنگپێهەڵچنینی سیاسەتەکانی چەپی کۆنن. لە سنورێکدا کە لە باشترین حاڵەتدا وەک سیاسەتگەلێکی نێگەتیڤ لێیان بڕوانرێت، لە خراپترین حاڵەتیشدا وەک سیاسەتگەلێکی کۆنەپارێزانە لێیان بڕوانرێت، لەسەر ڕەوتی بەرکەوتنیان وەک پرسەکانی ڕەگەز و جێندەر، جیاوازییەکان، کێشەی گەلانی داگیرکراو و کەمینە چەوساوەکان، و پرسەکانی ژینگە و ئیستاتیکا، ئەوا لە ڕاستیدا بەشێک لەو گۆڕانکارییانەی چەپی نوێ لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی پاساوی خۆیان هەبووە، بەڵام ئەم



RAYMOND WILLIAMS

چەپە، کە بەدیهێنەری ئەو هەنگاوەیە، ئەوەی نیشانداوە کە باوەڕی بە پرۆلیتاریا نەماوە وەک ئامراژێک بۆ گۆڕانی پێشکەوتنخوازانە، هەروەها باوەڕی بە ماتریالیزمی مێژووییش نەماوە وەک میتۆدێکی شیکاری. (ئەندرێ گۆرز) بە ئاشکرا ماڵئاوایی لە چینی کرێکار کـــردووە، لای خۆیشییەوە (ئارۆنۆڤیچ) قەیرانی ماتریالیزمی مێژوویی ڕاگەیاندووە.

بەو شێوەیە چەپی نوێ خۆی دابڕیوە لە هەر توانستێک بۆ هەبوونی ڕوانگەیەکی ڕەخـنـەگـرانـە دەربـــارەی خـۆی و ئـەو پرۆسانەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی، کە بناغەی وەرچەرخانێک بوو بەرەو میتۆدە پۆستمۆدێرنیستییەکانی بیرکردنەوە. بە جەختکردنەوە لەوەی پرسی جێمەبەست تەنها کـولـتـور و سیاسەتە، هـەروەهـا جەختکردنەوە لــەوەی کە تەنانەت لە دوایـیـن شیکارییدا هێنانەپێشەوەی دەستنیشانکردنی ئـابـوری لۆژیکیی و گونجاو نییە (جگە لە هێنانەوە پێشەوەی تیۆرەکانی سووڕی سەرمایە و کەڵەکەکردنی سەرمایە، یاخود پەیوەندییە چینایەتییەکانی نـاو بەرهەمهێنان)، کە لەتوانایدا نییە هەڵخزانی خۆی بـەرەو پێگە ئایدۆلۆژییە لاوازەکان، کە بەراورد بەو هێزانەی لەلایەن نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکانەوە دۆزراونەتەوە لاوازە، کە چەپەکانیان نـاچـارکـردووە لە هەمان

شێوازی بەرهەمهێنانی وێنەو ئیستاتیکاو هێزی ئایدۆلۆژیادا کێبڕکێ بکرێت، لەو دەمەی هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی لە دەستی ڕکابەرەکانیدایە. لە سیمپۆزیۆمێکدا کە ساڵی 1983 دەربارەی «مارکسیزم و ڕاڤەی کولتور» بەسترا بۆ نموونە، زۆرینەی ئامدەبووان گرنگییەکی زیاتریان بە (فۆکۆ) و (دێریدا) دا وەک لە مارکس. ئەوەی جێگەی پارادۆکسە، کەسێتییەک لە چەپە کۆنەکان (کە بەتەواوی لەو سیمپۆزیۆمە بـەدوور بـوو)، ئەویش (ڕایمۆند ویلیامز) بوو، کە ماوەیەکی زۆر وانەی لەسەر فۆڕم و بەها کولتوورییەکانی کرێکاران گوتۆتەوە، ویلیامز هێڵەکانی چەپی نوێی تێپەڕاندووە و هەوڵیداوە دووبـارە ماتریالیزم بـەو شێوەیە بچەسپێنێت کە بە چالاکییە کولتوورییەکان ناویدەبرێت. ڕایمۆند ویلیامز مۆدێرنیزمی تەنها وەک گوتەیەکی ڕاست و دروست ڕەتنەکردۆتەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر پێشکەشدەکات و دەگاتە ئەو ڕادەیــەی کە خـودی پۆستمۆدێرنیتە ماسکێکە بۆ داپۆشینی گۆڕانکارییە قوڵە نوێیەکان لە کولتووری سەرمایەداریدا.

پـرسـی دارشـتــنــەوەی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی (لـەلایـەن ئـەو نوسەرانەی لـەسـەر ڕێـبـازی فـرانـز فـانـۆن و سیمۆن دی بـوڤـوار دەڕۆن، هـاوکـات لـەلایـەن هەڵوەشانەوەگەراکانەوە) لە ناواخنی خۆیدا هەم زەرووریيە هەم پۆزەتیڤە. چەندین وەرچەرخانی گرنگ لەناو ئابوریی سیاسی و لە خەسڵەتی ئەرکەکانی دەوڵـەت، و لە پڕاکتیکە کولتوورییەکاندا هاتوونەتەگۆڕێ، ئەمە جگە لەو گۆڕانکارییانەی لە ڕەهەندی کات- شوێندا ڕوویانداوە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاش هەر لەو میانەیەوە هەڵدەسەنگێندرێن (بۆ نموونە پەیوەندیی نـێـوان جیاکاریی ڕەگـەزیـی لـە باشوری ئەفەریقیا و بزووتنەوە کرێکارییەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور، بەهێزترین بەڵگەیە وەک بابەتێکی سیاسی، تەنانەت لە ترۆپکی ئیمپریالیزمی ڕاستەوخۆشدا). پرسەکە تێگەیشتنێکی دینامیکی وەرگرتووە نەوەک وەستاو و ستاتیک، لەسەر ئاستی تیۆریی و ماتریالیزمی مێژوویی، بۆ درککردن بـە گرنگیی ئـەم وەرچـەرخـانـانـە. لەناو بەرەوپێشچوونە هەرە گرنگەکاندا تەنها باس لە چوار دانە دەکەین:

1.چارەسەرکردنی جیاوازیی و «ئەوی ترێتیی otherness»، وەک هەر شتێکی دیکە نییە، کە بۆ گوتە تەوەرەییەکانی دیکەی مارکس زیاددەکرێن (وەک چین و هێزەکانی بەرهەمهێنان)، بەڵکو وەک شتێک کە دەبێت هەر لە سەرەتاوە وەک گشتێک ئامادەبێت لە هەر هەوڵێکدا بۆ درککردن بە دیالەکتیکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. گرنگی لەخۆگرتن و کارکردن لەسەر لایەنەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئێتنیک و جێندەر و ئایینەوە لەناو چوارچێوەی گشتێتیی توێژینەوەی ماتریالیزمی مێژووییدا (ئەوەش بە جەختکردنەوە لە دەسەڵاتی پارە و سووڕی سەرمایە) و سیاسەتی چینایەتی (بە جەختکردنەوە لەسەر یەکێتیی خەباتی ڕزگاریخوازی).


2. داننان بەوەدا کە بەرهەمهێنانی وێنە و گوتار، ڕووخسارێکی گرنگیی چالاکییەکن، کە دەبێت وەک بەشێکی جیانەبووەوە لە دووبـارە بەرهەمهێنانەوە و گۆڕینی هەر سیستەێکی ڕەمـزیـی تەماشای بکرێت. پڕاکتیکە ئیستاتیکی و کولتوورییە گرنگەکان و مەرجەکانی بەرهەمهێنانیان، شایەنی ئەوەن بە متامەوە گرنگییان پێبدرێت،

3.داننان بە گرنگی ڕەهەندەکانی شوێن و کات، هەروەها داننان بە بوونی جیۆگرافیای ڕاستەقینەی دیکە بۆ کـاری کۆمەڵایەتی، بەتەواوی وەک حەقیقەتیی شوێن و فەزا مەجازییەکانی هێز، ئەم فەزایانەش دەبنە فەزایەکی زیندوو، لەبەرئەوەی هێزێکی ڕێکخراون لە جیۆپۆلەتیکی سەرمایەدارییدا، لەهەمان ئەو کاتەی کە شوێنەکانی جیاوازیی و ئەویترێتیی، کە دەبێت ئـەوەک ئەوەی لە واقیعدا هەن لێیان تێبگەین، بە هەمان ئەو ڕادەیــەش کە لەناو لۆژیکی گشتیی پەرەسەندنی سەرمایەدارییدا هەن. دواجار ماتریالیزمی مێژوویی لایەنە جیۆگرافییەکەی خۆی شێلگیرانە وەردەگرێت،

4. ماتریالیزمی مێژوویی-جیۆگرافیی، مـۆدێـلـێـکـی لـێـتـوێـژیـنـەوەی کــراوە و دیالەکتیکییە، نـەوەک گروپێکی نەگۆڕ و داخراو بەڕووی تێگەیشتنی دیکەدا. میتا-تیۆریی ڕاگەیاندنی حەقیقەتێکی گشتەکیی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ سازان لەگەڵ ئەو ڕاستییە مێژوویی و جیۆگرافییانەی بوونەتە خەسڵەتی سەرمایەداری، بە ئێستاشەوە.

# نیولیبراڵیزم

## پێشەکی کتێبی
## «کورتە مێژووی نیولیبراڵیزم»




وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

مێژوونووسە داهاتووگەراکان1 ساڵانی 1978-1980 بە خاڵێکی وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە لە مێژووی جیهانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، دادەنێن. لە ساڵی 1978 دا، «دینگ خیاوبینگ»2 یەکەم هەنگاوی یەکلاکەرەوانەی بەرەو لیبراڵیزەیشن هەڵگرت بۆ ئازادکردنی ئابورییەك کە کۆمۆنیزم لە وڵاتێکدا بەڕێوەی دەبرد، کە پێنج لەسەر یەکی دانیشتوانی جیهانی پێکدەهێنا. ئەو ڕێڕەوەی کە دینگ گرتبوویە بەر، ئامانجی ئەوە بوو لە ماوەی دوو دەیـەدا، چین لە دەوڵەتێکی دواکەوتووی دوورەپەرێز و بەسەرخۆدا داخـراوەوە بگۆڕێت بۆ ناوەندێکی کـراوە بەسەر دینامیکییەتی سەرمایەداریدا، ئەوەیش بە تێکڕای گەشەکردنێکی خێرا و بــەردەوام کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەی نەبێت. لەبەرەکەی دیکەی دەریـای ئارامدا و لە هەلومەرجێکی تـەواو جیاوازدا، پاوڵ ڤۆلکەر3، کە لەو کاتەدا کەسێکی زۆر دیار نەبوو (لە ئێستادا ناوبانگی بڵاوە)، سەرکردایەتی بانکی یەدەگیی فیدراڵی ئەمریکی، لە مانگی تەموزی 1979دا گرتە دەست، لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا گۆڕانکارییەکی دراماتیکی لە سیاسەتی دراوی ئەمریکیدا دروست کرد، لەو کاتەیشەوە بانکەکە پێشەنگیی جەنگێکە کە دژ بە هەڵاوسان بەرپای کردووە بە بێ ئەوەی سەرنج لە ئاکامەکانی بدات (بە تایبەتیش ئەو دەرەنجامانەی کە پەیوەندییان بە بێکارییەوە هەیە). لە بەری ئەتڵەسیشدا، مارگرێت تاتچەر4 لە مانگی نیسان/ئەپریلی 1979 دا، کە تازە بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا هەڵبژێردرابوو، ویلایەتەکەی دەستی پێکرد و ئەمەیش هێزی ئەوەی پێدابوو سنوورێك بۆ دەسەڵاتی سەندیکا کرێکارییەکان دابنێت و کۆتایی بە حاڵەتی نەخوازراوی ئەو داکشانە هەڵئاوساوییە5 بهێنێت کە لە دەیەی پێشوودا وڵاتەکەی گرتبووەوە، پاشان لە ساڵی 1980دا ڕۆناڵد ڕەیگان6 بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا، بە بلیمەتی و کاریزمایی کەسییانەی خۆی توانی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرلەنوێ بخاتەوە سەر ڕێگای بوژانەوە و هەستانەوەی ئابوری، ئەوەیش لە ڕێگەی پشتیوانیکردن لە هەنگاوەکانی ڤۆلکەر، لە بانگی یەدەکی فیدراڵیدا و تێکەڵکردنی بەو سیاسەتانەی کە ئامانجیان ئەوەبوو سنوورێك بۆ هێزی کار دابنێن، هەروەها سەربەستکردنی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ڕزگارکردنی سامان و سەروەتەکان لەو کۆتوبەندە ڕێکخەرییانەی کە بەسەریاندا سەپێنرابوو، ئینجا ئاگاداریکردن و پاراستنی هێزی پارە، لە یەك کاتدا، هەم لە ناوەوە و هەم لەسەر شانۆی جیهانی. لەم سەنتەرە زۆروزەبەندە هەژێنەرانەوە، شتێکی وەك پاڵهێزی شۆڕشگێڕیی لە پانتاییەکی بەرفراواندا بڵاوبوویەوە و دەنگدانەوە و بەدەمەوەچوونیشی سەرلەنوێ جیهانی دەوروبەرمانی بەشێوەیەکی تەواو جیاواز دارشتەوە.

وەرچەرخانی وەها بەرفراوان و قووڵ بە ڕێکەوت ڕوونـــادەن، لەبەرئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکەیە گەڕانە بەدوای چییەتی ئەو کەرەستە و ڕێگایانەدا کە بەهۆیەوە پێکهاتەی ئابوری نوێ -کە زۆر جار دەخرێتە ژێر دەستەواژەی «جیهانگیری»یەوە-، لە هەناوی قۆناغە کۆنەکانی پێشترییەوە، هێنرایە دەرێ. هـەریـەکـە لە ڤۆلکەر و ڕەیگان و تاتچەر و دینگ خیاوبینگ ئەو ئەرگومێنتانەی کەمینە7یان وەرگـرت کە سەردەمێکی درێژبوو بڵاوبووبوونەوە، ئەمان

**لە حەفتاکانەوە، هەردوولایەنی بیرکردنەوە و پراکتیکی سیاسی-ئابوری، سەرلەبەر وەرچەرخانێکی روون و ئاشکرا و بەهێزیان بەرەو نیولیبرالیزم بەسەردا هات. بەربەرەڵایی و سەربەستکردنی ئابوری لە کۆتوبەند و ڕێکخستنەکان و کشانەوەی دەوڵەت بۆ دەرەوەی چوارچێوەی چەندین بواری چاودێریی کۆمەڵایەتی**




گۆڕیان بە ئەرگومێنتەکانی زۆرینە8 (لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمە بە بێ ململانێیەکی درێژ ڕوویندەدا). ڕەیگان نەریتی کەمینەی لەنێو حیزبی کۆمارییدا زیندوو کردەوە، کە مێژووەکەی هی سەردەمی باری گۆلد وۆتەر9 بوو لە سەرەتای شەستەکاندا. بینگیش قەڵەمڕەویی سەروەت و دەسەڵاتی هەڵکشاوی لە یابان و هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە و کۆریای باشوودا دەبینی، بۆیە لەبری پلانی ئابوریی سەنتراڵی، کاری کرد بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی کۆمۆنیزمی بازاڕ و هەوڵیدا بیقۆزێتەوە و بەکاری بهێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی چینی و هەنگاوێك بیباتە پێش. فۆلکەر و تاتچەریش لە سایەی ئاڵۆزییەکی ڕێژەییدا، دۆکترینێکی دیاریکراویان بەرهەمهێنا، کە بە «لیبرالیزمی نوێ»10 ناوزەد کرا و کردیانە بنەمای سەنتراڵ بۆ ئاراستەکردنی فیکری ئابوری و بەڕێوەبردن. ڕێك ئەم دۆکترینە -ئەسڵەکانی و هەڵکشانی و ناوەڕۆکەکانی- ئەو شتەیە کە لەم کۆنتێکستەدا بایەخی پێدەدەم.

نیولیبرالیزم بەر لە هەر شتێك تیۆرێکە دەربارەی پراکتیکی سیاسی و ئابوری، بڕوای وایە باشترین ڕێگا بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی دۆخی مرۆیی وا لە ئازادکردنی ئازادی و لێهاتوویە داهێنەرییە بازرگانییەکانی تاکەکەسدا11، لەنێو چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی گشتیدا، کە بە توندی پارێزگاری لە مافەکانی خاوەندارێتی تایبەت و ئازادیی بازرگانی و ئازادیی بازاڕە ئابورییەکان، دەکات. لەم تیۆرەدا ڕۆڵی دەوڵەت وا لە دۆزینەوەی پارێزبەندیی ئەو چوارچێوە دامەزراوەییەدا، کە بۆ ئەو پراکتیکانە گونجاوە. بۆ نموونە لەسەر دەوڵەت پێویستە گرەنتی بەها و سەلامەتیی سامانە داراییەکان بکات، دەبێت پەیکەربەندی و وەزیفە سەربازی و بەرگری و ئاسایشی و دادوەرییەکان دابمەزرێنێت بۆ پاراستنی مافەکانی موڵکایەتی تایبەت و لە کاتی پێویستیشدا هێز بەکار بهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی کاری بازاڕەکان بەشێوەیەکی گونجاو. هەروەها دەبێت دەوڵەت، لە دۆخێکدا کە بازاڕی ئابوری (لە بوارەکانی وەکو زەوی و ئاو و فێرکردن و چاودێریی تەندروستی و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی یان پیسبوونی ژینگەدا) لە ئارادا نەبێت، بازاڕ پەیدا بکات، تەنانەت ئەگەر پێویست بێت لەڕێگەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆوە ئەم کارە بکات. لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم ئەرکانەوە، دەوڵەت هەرگیز بۆی نییە سەرکێشی و دەستێوەردان بکات. بە تایبەت لە بواری ئابوریدا پێویستە دەوڵەت بەردەوام کەمترین دەستێوەردانی پێویست لە بازاڕەکاندا بکات (دوای ئەوەی ئەم بازاڕانە دادەمەزرێنێت یان پەیدایان دەکات)، چونکە بە پێی ئەم تیۆرە، دەوڵەت ناتوانێت زانیاری پێویست بەدەست بهێنێت کە توانای ئەوەی پێبدات لێکدانەوە و خەمڵاندن بۆ ئاماژەدەرەکانی بازاڕ (نرخەکان) بکات، یان پێشبینیان بکات، هەروەها لەبەرئەوەی گروپەکانی فشار و بەرژەوەندییە بەهێزەکان (بەتایبەتیش لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا) هەمیشە دەستێوەردانەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەشێوێنن و دەقۆزنەوە.

لە حەفتاکانەوە، هەردوولایەنی بیرکردنەوە و پراکتیکی سیاسی-ئابوری، سەرلەبەر وەرچەرخانێکی ڕوون و ئاشکرا و بەهێزیان بەرەو نیولیبرالیزم بەسەردا هات. بەربەرەڵایی و سەربەستکردنی ئابوری لە کۆتوبەند و ڕێکخستنەکان و کشانەوەی دەوڵەت بۆ دەرەوەی چوارچێوەی چەندین بواری چاودێریی کۆمەڵایەتی، لەهەموو شوێنێکی جیهاندا و لە بەرفراوانترین پانتایدا باو و بەربڵاوبوو. زۆرینەی هەرە زۆری دەوڵەتان -هەم ئەوانەی کە تازە «لە سککەدرابوون»12 دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەت و هەمیش دەوڵەتانی چاودێری کۆمەڵایەتی و سۆشیال دیموکراتی تەرزی کۆن، وەکو سوید و نیوزلەندا- نوسخەیەکی چاککراوی تیۆری نیولیبرالیزمیان هەڵگرتەوە، هەندێجار بە خۆشی خۆیان و هەندێجاریش لە ژێر فشارە ناچارکەرەکاندا، بەم هۆیەشەوە لایەنیکەم هەندێك سیاسەت و پراکتیکی خۆیان گۆڕی. تەنانەت باشووری ئەفریقای پاش ئاپارتاید13، بەخێرایی باوەشی بۆ نیولیبرالیزم گرتەوە؛ وایش پێدەچێت، وەك دواتر دەبینین، کە وڵاتی چینیی نوێیش بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات. وێڕای ئەمەیش، لەمڕۆدا بانگەشەکارانی نیولیبرالیزم لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن (زانکۆکان و چەندین پەیمانگای لێکۆڵینەوە)، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هۆڵەکانی

کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا گەورەکان و دامەزراوە داراییە جیاوازەکان، دامەزراوەکانی هەستیارەکانی دەوڵەت (وەزارەتەکانی خەزێنە و بانکە ناوەندییەکان)، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وەکو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO) و بانکی نێودەوڵەتی و چەندین دامەزراوەی دیکەدا، کە جوڵەی دارایی و بازرگانیی جیهانی ڕێکدەخەن، پێگەی زۆر کاریگەرییان گرتووە. بە کورتی، نیولیبرالیزم وەك مۆدێلێکی گوتار هەژموونی خۆی سەپاندووە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر شێوازەکانی بیرکردنەوە هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ئاوێزانی هەستی سەلیم[14] بووە و بۆتە کلێشەیەك بۆ تەفسیرکردن و تێگەیشتن لە جیهان و شێوازی ژیان لەو جیهانەدا.

بەڵام وا پێدەچێت پرۆسێسی نیولیبرالیزم ئاکامی زۆر «خاپوورکردنی داهێنەرانە»[15]ی لەگەڵدا بووە، نەك تەنیا شکاندنی چوارچێوە و هێزە دامەزراوەییەکانی پێشتر (کە تەنانەت تەحەدای فۆڕمە تەقلیدییەکانی دەوڵەتی حاکمیەتی[16] کردووە)، بەڵکو شکاندنی دابەشکردنەکانی کار، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی، پێکهاتە تەکنۆلۆژییە جیاوازەکان، شێوازەکانی ژیان، بیرکردنەوە، چالاکی بەرهەمهێنانەوە و زۆربوون، پەیوەندی بە زەوی و نەریتە هەستەکی و ویژدانییەکانیش. نیولیبرالیزم پێیوایە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکارییەکان لە بازاڕی ئابوریدا » لەخۆیدا بەهایەکی ئەخلاقییە، دەتوانێت ببێتە ڕێنمای کار بۆ کردەی مرۆیی بەسەرجەم شێوازو فۆڕمەکانییەوە و، جێگیرەوەی سەرجەم بیروباوەڕە ئەخلاقییەکانی پێشتریشە)، هەر لەبەرئەمەیش جەخت لەسەر پەیوەندییە گرێبەستییەکان[17] لە مەیدانی بازاڕدا، دەکاتەوە، هەروەها باوەڕی بە توانای بەرزکردنەوەی خێروبێرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، تا دوا سنووری خۆی، ئەوەیش لە ڕێگەی بەرفراوانکردنی تەوەری مامەڵەکانی



David Harvey

بـــازاڕەوە، تا دوایـین ڕادەی خـۆی، بۆیە هەوڵدەدات سەرجەم شێوازی کردەی مرۆیی بخات نێو پانتایی بـــازاڕەوە. ئەمەیش بە زەرورەت پێویستی بە داهێنانی تەکنۆلۆژیای جیاوازی زانیاری و دۆزینەوەی تواناکانی کەڵەکەڵکردن و خەزنکردن و گۆڕین و شیکردنەوە و بەکارهێنانی ڕێسای زانیارییە زۆروزەبەندەکان هەیە، بۆ ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی بڕیارەکان بە درێژایی مەیدانی بازاڕی جیهانی، ڕێك لێرەدایە کە نیولیبراڵیزم بایەخێکی ئێجگار زۆر بە تەکنۆلۆژیای زانیاریی دەدات (ئەمەیش وای لە هەندێکیان کرد کرد کە سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆرێکی نوێی «کۆمەڵگەی زانـیـاری» ڕابگەیەنن). ئەم تەکنۆلۆژیایانە پشتیان بەست بە چڕبوونەوەی زیاتری مامەڵە شوێنی و کاتییەکانی بازاڕ، بۆیە پاڵهێزێکی بەهێزیان بەرهەمهێنا بەرەو ئەو شتەی کە لە جێیەکی تردا ناوم ناوە «چڕبوونەوەی کاتی-شوێنی»، بە جۆرێك کە لەگەڵ بەفراوانبوونی مەودای جوگرافی (لەبەرئەمەیە کە ئەوەندە جەخت لـەسـەر بایەخی «جیهانگیری» دەکـرێـتـەوە) و کـورتـبـوونـەوەی کاتی گرێبەستی بازاڕدا، سوود زیاتر دەبێت. ئەم لەپێشترێتییەی کە کاتی ماوە کورت هەیەتی تەریب و هاوتایە بە وەسفە بەناوبانگەکەی لیوتار بۆ حاڵەتی «پۆست مۆدێرنیتی»، کە تێیدا «گرێبەستی دەستبەجێ و کاتی» جێگای «دامـەزراوە هەمیشەییە پیشەیی و عاتیفی و ڕەگەزی و کولتوری و خێزانی و نێودەوڵەتییەکان، ئینجا دامـەزراوەی کاروباری سیاسییش» دەگرێتەوە. وەك پێشتر لە کتێبی «دۆخی پۆستمۆدێرنیتی»دا وتوومە، ئەو ئاکامە کولتوورییانەی کە لەم هەژموونە ئەخلاقییەی بازاڕ دەکەونەوە، زۆروزەبەند و پێکەوەبەستراون.

لە کاتێکدا لەمڕۆدا چەندین گێڕانەوەی گشتی هەیە دەربارەی گۆڕانە جیهانییەکان و شوێنەوار و کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانانە، ئەوەی بە گشتی نیمانە و نوقسانە چیرۆکێکی سیاسی/ئابوریی نیولیبرالیزمە: لە کوێوە هاتووە و چۆن بە وەها گشتگیرییەك لە سەر شانۆی جیهانی بڵاوبۆتەوە؟ هەروەها بە ئومێدم بەیەکداچوونە ڕەخنەییەکان لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیەدا ئاماژە بدەن بە بوونی چوارچێوەیەك بۆ دیاریـکـردن و دامەزراندنی ڕێککارییە سیاسی و ئابورییە ئەڵتەرناتیڤەکان.

لەم دواییانەدا سـوودم وەرگـرت لەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ «جیرار دومینیل» و «سام گیندن» و «لیۆ پانچیچ»دا ئەنجاممداون، قەرزی ماوەیەکی پێشتریشم لەئەستۆیە، هی «ماسیۆ میوشیی» و «جیۆڤانی ئەریگی» و «پاتریك بۆند» و «سیندی کاتز» و «نیل سیمیس» و «پیترەل ئۆلمان» و «ماریا کایکا» و «ئیریك سۆنگیدۆ»یە، کە لە کۆنگرەیەکدا دەربـــارەی نیولیبرالیزم، بـە چاودێریی دامەزراوەی «ڕۆزا لۆکسمبۆرگ» لە بەرلین، لـە تشرینی دووەم/نـۆڤـێـمـبـەری 2001 ڕێکخرابوو، لەگەڵیاندا کۆبوومەوە و ئەمەیش وەك مەشخەڵێك بوو کە وای لێکردم گرنگی بەم بابەتە بدەم.

**پەراوێزەکان:**


1. Future historians
2. Deng Xiaoping
3. Paul Volcher
4. Margaret Tatcher
5. Miserable inflationary
6. Ronald Reagan
7. minority
8. Majoritarian
9. Barry Goldwater
10. neoliberalism
11. Liberating individual entrepreneurial freedoms.
12. newly minted
13. Post-apartheid
14. common-sense
15. creative destruction
16. state sovereignty
17. contractual relations

**سەرچاوەکانی وەرگێڕانی ئەم وتارە:**


1. ديفد هارفي، الليبرالية الجديدة (موجز تأريخي)، ترجمة: مجاب الإمام، الناشر للنشر، العبيكان، الطبعة الأولى, 2008، ص11-16.

2- David Harvey, A brief History of Neoliberalism, Oxford University Press, New York, 2005, Pp. 14-.

# دیدگایەکی ڕەخنەیی دەربارەی کتێبەکەی تۆماس پیکیتی «سەرمایە» لە سەدەی بیستویەك




وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر

نوسینی کتێبێک لەژێر ناوی «سەرمایە» لە لایەن (تۆماس پیکیتی Thomas Piketty)ـەوە، هەرایەکی گەورەی نایەوە. نوسەر لەم کتێبەدا داوای جێبەجێکردن و سەپاندنی باجی هەڵکشاو (progressive taxation) و باجێکی گەردوونیی دەکات بەسەر سامان (wealth)دا، بەو پێیەی ئەم دوو باجە تاکە رێگەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی خواست و ئاراستەی پێکهێنانی فۆرمێکی میراتی (patrimonial)ی سەرمایەداری، کە خاڵی ناسینەوەی نایەکسانییەکی «تۆقێنەر»ی سامان و داهاتە. ئەو بە شێوەیەکی قورس و نارحەت هەستاوە بە بەدۆکیومێنتکردنی وردەکارییەکانی چۆنیەتی قووڵبوونەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە هەردوو لایەنی سامان و داهات، لە دوو سەدەی رابردوودا، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر سامان بە شێوەیەکی تایبەتی. پیکیتی هەستاوە بە تێکشکاندنی ئەو بۆچوونە باوەی پێیوایە سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سامان دابەشدەکات، و قەڵای سەختی بەرگریکردنە لە ماف و ئازادییە فەردییەکان. پیکیتی ئەوە پیشاندەدات کە سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد، لە نەبوونی دەستێوەردانێکی بەرچاو و سەرەکیی دەوڵەت بۆ دووبارە دابەشکردنەوە، دەبێتە بەرهەمهێنی ئۆلیگارشییە دژە دیموکراتیکەکان. ئەمەش بۆتە مایەی وروژاندنی توڕەیی لیبراڵەکان و رۆژنامەی «واڵ ستریت جۆرناڵ»ی کەللەیی کردووە.

**ئەڵتەرناتیڤی مارکس؟**

زۆر جار ئەم کتێبە وەک ئەڵتەرناتیڤێکی سەدەی بیستویەکی بەرهەمەکەی مارکس- کە لە سەدەی نۆزدەدا نوسراوە- بە هەمان ناونیشان، هەڵدەسەنگێندرێت. هەرچەندە لە راستیدا پیکیتی رەتیدەکاتەوە وەها نیازێکی هەبووبێت و قسەیەکی لەو جۆرەی کردبێت، لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە کتێبەکەی دەربارەی سەرمایە نییە. ئەو پێمان ناڵێت کە بۆچی دارمان و قەیرانەکەی ساڵی 2008 روویدا، و بۆچی خەڵکی بەشێکی درێژی ژیانیان سەرقاڵی خۆرزگارکردنن لە نەهامەتییە دوولایەنەکەی «بێکاریی درێژخایەن» و «لەدەستدانی ملیۆنان خانوو بەهۆی رەهنی سەر خانووبەرەوە»، هەروەها هاوکاریشمان نابێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری بەم چەشنە سستبوونی گەشەی ئابوریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەراورد بە چین، یاخود بۆچی ئەوروپا بە دەست سیاسەتی سکهەڵگوشین و ئابوریی گەلێکی داکشاوەوە دیل و زەلیل بووە. ئەوەی بە راستی پیکیتی بە شێوەیەکی ئاماریی ئەنجامیداوە -کە دەبێت لەمەدا سوپاسگوزاری خۆی و هاوپۆلەکانی بین- بریتییە لە پیشاندانی ئاراستەی سەرمایە لە مێژووی خۆیدا، بۆ بەرهەمهێنانی ئاستی لەرادەبەدەری نایەکسانی. کە ئەمە بۆ زۆرێک لە ئێمە هەواڵێکی تازە نییە، بەڵکو ئەمە بەتەواوی ئەو دەرئەنجامە تیۆرییەیە، کە کارل مارکس لە بەرگی یەکەمی سەرمایەکەی خۆیدا پێیگەیشتووە. پیکیتی ئاماژە بەمە نادات و چاوی لێدەپۆشێت، ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان نییە، کاتێک لە رووبەڕووی تۆمەتی رۆژنامە راستڕەوەکاندا، کە بە مارکسییەکی دەمامکدار دەیشوبهێنن، نکۆڵی لەوە بکات کە کتێبی «سەرمایە»ی مارکسی خوێندبێتەوە.

پیکیتی بۆ پاڵپشتیی ئارگومێنتەکانی خۆی کۆمەڵێکی زۆر داتای کۆکردۆتەوە. ئامار و داتاکانی سەبارەت جیاوازییەکانی نێوان داهات و سامان قەناعەتپێکەر و سوودبەخشە. بە شێوەیەکی ورد و زیرەکانە پێداگری دەکات لەسەر «باجی میرات Inheritance tax» و «باجی هەڵکشاو» و «باجی گەردونی و سەرتاپایی لەسەر سامان -ئەگەر برەخسێت-»، بەوپێیەی ئەمانە چارەسەرن بۆ زیادبوونی چڕبوونەوەی سامان و دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەی ئارادەیەکی زۆر گومان لەوەدا نییە، کە بەشی زۆریان لەڕووی سیاسییەوەقابیلی جێبەجێکردن نین.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی بە تێپەڕبوونی کات ئەم ئاراستەیە دەبێتە مایەی قووڵبوونەوەی زیاتری نایەکسانی؟ لەسەر بنەمای داتاکانی (کە بە هێنانی هەندێک ئاماژەی جوانی ئەدەبیی لە بەلزاک و جەین ئۆستینەوە، ترش و خوێی پێداکردووە) یاسایەکی ماتماتیکی دارشتووە بۆ راڤەکردن و پیشاندانی ئەوەی دەگوزەرێت: کەڵەکەکردنی روو لەزیادبووی سامان لەلایەن یەک لەسەدە بەناوبانگەکەوە (کە بەهۆی بزووتنەوەی «واڵ ستریت داگیربکەن»ـەوە بۆتە چەمکێکی باو) دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی سادە و ساکار،

ئەویش ئەوەیە کە بڕی داهاتی گەڕاوەی سەرمایەی (r)، هەمیشە خواستی زیادکردنی تێکرای گەشەی داهاتی (g)ی هەیە، کە ئەمەش بەپێی پیکیتی لە ڕابـردوو و ئێستا و داهاتووشدا هەمیشە وەک «دژبەرییەکی سێنتراڵ»ی سەرمایە دەمێنێتەوە.

مەنزومەیەکی ئاماریی لەم چەشنە، دەکرێت ڕاڤەیەکی بەجێ پێشکەش بکات، بەڵام توانستەکەی لەوە دەردەچێت ببێتە یاسایەک، هەربۆیە پرسیارەکە ئەمەیە: چـی هـێـزێـک ئـەم چـەشـنـە دژبـەریـیـە بەرهەمدەهێنێت و پارێزگاریی لێدەکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پیکیتی وەڵامەکەی لانییە. یاسا هـەر یاسایە، ئەمە هەموو پرسەکەیە. ئەگەر پرسیاری بوونی یاسایەکی لەم جۆرە بگێڕینەوە بۆ مارکس، بێگومان وەڵامـەکـەی بریتییە لە «ناهاوسەنگیی نێوان کار و سەرمایە». ئەمەش ڕاڤەیەکی ڕوونـە و هەتاوەکو ئێستا بە زیندوویی ماوەتەوە. لە دوای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەوە، پاشەکشێی ڕاسـت و جێگیری پشکی «کـار» لـە داهـاتـی نەتەوەییدا، دەگەڕێتەوە بۆ پوکانەوەی هێزی سیاسی و ئابوریی کار، بەڵام لای خۆیەوە «سەرمایە» تەکنەلۆژیاکان مۆبیلیزە دەکات، و بێکاریی بەرهەمدەهێنێت، و پیشەسازییەکان هەناردە [ی دەرەوەی ئەوروپا و ئەمریکا] دەکـات، سیاسەتە دژە کرێکارییەکانیش (وەک سیاسەتەکانی مارگرێت تاتچەر و ڕۆناڵد ڕیگان) کاریان لەسەر شکاندنی گشت بەرهەڵستییەک دەکرد. وەک (ئالان باد)ی



Thomas Piketty

ڕاوێـژکاری ئابوریی مارگرێت تاتچەر، لە ساتەوەختی دوورکەوتنەوەیدا دان بەوەدا دەنیت کە سیاسەتەکانی دژە هەڵاوسان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، «ئامرازێکی کاریگەر بوون بۆ زیادبوونی تێکڕای بێکاری، زیادبوونی تێکڕای بێکارییش ئامرازێکی خـوازراو بوو بۆ لاوازکـردنـی هێزی چینی کـارکـەر... ئـەوەی ئێمە نەخشەمان بۆ کێشا، بەپێی چەمکە مارکسییەکان، هیچ نییە جگە لە دروستکردنی قەیرانێکی سـەرمـایـەداری، کـە دووبـــارە سوپایەکی یەدەگی کار بەرهەمدەهێنێتەوە، ئەمەش ڕێگەی بۆ سەرمایەدارەکان خۆشکرد، کە لەو کاتە بەدواوە بەردەوام قازانجە زۆرەکانیان کۆبکەنەوە». لەحەفتاکاندا، جیاوازیی نێوان کرێیی کرێکارە مامناوەندییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان دەگەیشتە نزیکەی (1 بەرامبەر 30). ئەم ڕێژەیە لە ئێستادا دەگاتە زیاتر لە (1 بەرامبەر 300)، لە دۆخی کۆمپانیاکانی هاوشێوەی «مەکدۆناڵدز»یشدا دەگاتە نزیکەی (1 بەرامبەر 1200).

بەڵام لە بەرگی دووەمی سەرمایەکەی خۆیدا –کە پیکیتی نەیخوێندۆتەوە و بە ئاسوودەییەوە لە ئاستیدا چاو دەپۆشێت- مارکس ئاماژە بـەوە دەدات کە خواستی سـەرمـایـە بـۆ کـەمـکـردنـەوەی کرێکان، دەگاتە ئاستێک توانای بـازاڕ بۆ وەرگرتن و پێشوازیکردن لە بەرهەماکانی سەرمایە، بەرتەسکدەبێتەوە. (هێنری فۆرد) دەمێکە ئەم تەنگەژەیەی ئاشکراکردووە و فەرمانیدا بە پێدانی کرێیەکی 5 دۆلاری بۆ ڕۆژێکی کارکردنی 8 سەعاتی، کە بەپێی وتەی خۆی، لەپێناو هاندان و بەرزکردنەوەی خواستی بەکاربردندایە. زۆرێکیش پێیانوایە نەبوون، یاخود لاوازیی خواستێکی کاریگەر، بەرپرسە لە بێبازاڕیی گەورە (Great Depression)ی سـاڵانـی سیی ســەدەی بیست. هەر ئەمەش ئیلهامبەخشی سیاسەتە کینزییە فراوانخوازەکان بوو لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمــەوە، کە بووە مایەی کەمکردنەوەی جیاوازی و نایەکسانیی نێوان داهاتەکان (ئەگەرچی هیچ کاریگەرییەکی گەورەی نەبوو لەسەر کەمکردنەوەی جیاوازی و نایەکسانیی نێوان سامانەکان) لە ناو گەشەیەکدا کە خواستێکی بەهێز پاڵنەر و جوڵێنەری بوو، بـەڵام ئـەم چـارەسـەرە پشتدەبەستێت بە تواناداریی (empowerment) ڕێژەیی چینی کارکەر و بونیادنانی «دەوڵەتی کۆمەڵایەتی social state» (چەمکەکەی پیکیتی)، کە سەرچاوەی تەمویلکردنی بریتیدەبێت لە باجی هەڵکشاو. پیکیتی دەنوسێت: «دواجار، بەدرێژایی ساڵانی 1932-1980، واتە نزیکەی نیو سـەدە، باجی داهاتی (income tax) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتۆتە تێکڕای 81 لەسەدا»، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێژەیە بە هیچ جۆرێک ئاستی گەشەی پەکنەخستووە (کـە ئەمەش بەڵگەیەکی دیـکـەی پیکیتییە بـۆ بەدرۆخستنەوەی بیروباوەڕ و تێڕوانینی ڕاستڕەوەکان).

لە کۆتایی شەستەکاندا، زۆرێـک لە سەرمایەدارەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێویستیان بەوەیە ڕێوشوێنێک بگرنەبەر سـەبـارەت بەزیادبوونی لـەڕادەبـەدەری هێزی کـار. لێرەوەیە (کینز) لە عەرشی ئیکۆنۆمیستە موحتەرەمەکان دەهێنرێتەوە خوارەوە و پەنادەبرێتە بەر بیرکردنەوەیەکی تەوەرەیی لە دەوری «خستنەڕوو- عرض» لای (میلتۆن فریدمان)، وەک دەستپێکی هەڵمەتێکی خاچپەرستانە بۆ جیگیرکردنی – نەوەک کەمکردنەوەی- تێکڕای باجەکان، و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە کۆمەڵایەتییەکە و لەوێشەوە سەپاندنی دیسپلین بەسەر هێزەکانی کاردا. دوای ساڵی 1980 تێکڕاکانی باج ڕوویان لە نزمبوونەوە کرد، قازانجەکانی سەرمایە -کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی گەورە دەوڵەمەندەکانە- ڕووبەڕووی باجێکی هەرە نزم دەبنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش پاڵنەرێک بوو هەتاوەکو لێشاوی سامان ڕووبکاتە نزیکەی لەسەدا یەکی دانیشتوان، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەمە لەسەر گەشە (growth) کەمبایەخە، وەک پیکیتی دەیخاتەڕوو. بەمجۆرە کاریگەریی «داچــۆڕان*»ی قازانجی دەوڵەمەندەکان بۆ گشت توێژەکانی کۆمەڵگە (کە ئەمەش گوتەیەکی دیکەی دڵخوازی ڕاستڕەوەکانە)، بەدینەهات. ئـەم شتانە هیچ یاسایەکی ماتماتیکیی ناتوانێت بیانسەپێنێت. کارەکە گشتی پەیوەستە بە سیاسەتەوە.

پاشان لە ساڵانی دواتـردا ڕەوڕەوەکـە لـە تـەواوکـردنـی سـوڕی خـۆی بــەردەوام بوو، ئەو پرسیارەش کە زۆرترین جەختی لەسەردەکرایەوە ئەمە بوو: خواست لەکوێیە؟

هەمان ئەو پرسیارەی پیکیتی بە شێوەیەکی سیستماتیک چاوی لێپۆشیوە. ساڵانی نەوەدەکان خۆی لەم پرسیارە لادا، ئەویش بە بەرفراوانبوونێکی گەورەی «کریدیت»، لەناویشیدا درێژبوونەوەو بەرفراوانبوونی دارایی ڕەهنەکان بۆ بازاڕگەلێکی لاوەکی -بازاڕی ڕەهنە خانووبەرەییەکان-، بەڵام باڵۆنی دەستمایەکان (assets) کە یەکێک لە بەرئەنجامەکانی ئەو دۆخە بوو، هەر دەبێت بتەقێت، ئەمەش لە ساڵانی (2007 و 2008)دا ڕوویدا و کۆمپانیای «لیهمان برەزەرس» کەوت و لەگەڵیشیدا کۆی سیستەمی کریدیت. هەرچۆنێک بێت تێکڕای قازانج و زیادبوونی چڕبوونەوەی سامانی فەردیی بەو خێراییە لەڕادەبەدەرە لە دوای ساڵی 2009هەوە، وەهای کردووە گشت کەرتە ئابورییەکان و تەواوی مرۆڤایەتی لە دۆخێکی گراندا بژین. لە ئێستادا تێکڕای قازانجی کۆمپانیاکان، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. کۆمپانیاکان لەسەر بڕی گەورەی پارەی کاش دانیشتوون و خەرجکردنی ڕەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی دۆخی بازاڕ گەرم و پڕجوڵە نییە.

فۆڕمولەکەی پیکیتی بۆ یاسا ماتماتیکییەکە، زیاتر سیاسەتە چینایەتییەکان پەردەپۆش دەکات وەک لەوەی پەردەیان لەسەر هەڵبداتەوە. وەک (وارن بافیت) -سێیەم گەورەترین پیاوی جیهان- تێبینیی کردووە: «بەدڵنیاییەوە شەڕێکی چینایەتی لەئارادایە، ئەوەش چینەکەی منە، چینی دەوڵەمەندەکان، کە ئەم شەڕە ئەنجامدەدات و هەر خۆشمان براوەین». یەکێک لە فاکتەرە دەروازەییەکان بۆ بردنەوەی دەوڵەمەندەکان، بریتییە لە گەشەی کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان سامان و داهات، سامان و داهاتی نێوان یەک لەسەدەکەی سەرەوەی دانیشتوان و زۆرینەی خەڵکە ئاساییەکە.

### سەرمایە وەک پرۆسە

سەرەڕای ئەوە، ئارگومێنتەکانی پیکیتی گرانییەکی گەورەیان تێدایە. لەسەر پێناسەیەکی هەڵە بۆ سەرمایە ڕاگیربوون. سەرمایە جگە لە پرۆسە هیچی دیکە نییە. زۆربەی کات پرۆسەی دەستاودەستکردنی پارەیە، لەپێناو ڕاکێشانی پارەی زیاتردا، هەر بە تەنها لە چوارچێوەی چەوساندنەوە و ئیستغلالکردنی هێزی کاردا قەتیس نەبووە، بەڵام پیکیتی سەرمایە وەک سندوقی دەستمایەی هەڵگیراوی تاکەکان و کۆمپانیاکان و حکومەتەکان دەناسێنێت، کە ئامادەی ئاڵوگۆڕە لە بازاڕدا، بەبێ ڕوانین لەوەی شیاون بۆ بەکارهێنان، یاخود نا. ئەمەش هەریەکە لە زەوی، خانوبەرە و مافی خاوەندارێتیی فکری دەگرێتەوە، هاوشان لەگەڵ کارە هونەرییەکان و ئەو خشڵ و ڕازێنەرەوە هەمەچەشنانەی مرۆڤ هەیەتی. چۆنیەتی دیاریکردنی بەهای ئەم شتانە کێشەیەکی تەکنیکییە و کۆدەنگییەک نییە لەسەر شێوازی چارەسەرکردنەکەی، لەپێناو هەژمارکردنێکی وردو دەقیقی تێکڕای داهات (د)، بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی بەهای سەرمایەی بنەڕەتی. بەداخەوە ڕێگەیەک بوونی نییە بۆ دیاریکردنی، کە بێبەری و سەربەخۆ بێت لە بەهای شمەک و ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بەرهەمهێنانیدا بەکاردەهێنرێن، یاخود سەربەخۆ بێت لە نرخەکەی لە بازاڕدا. کۆی بیری ئابوریی

**لە کۆتایی شەستەکاندا، زۆرێك لە سەرمایەدارەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێویستییان بەوەیە ڕێوشوێنێك بگرنەبەر سەبارەت بەزیادبوونی لەڕادەبەدەری هێزی کار. لێرەوەیە (کینز) لە عەرشی ئیکۆنۆمیستە موحتەرەمەکان دەهێنرێتەوە خوارەوە و پەنادەبرێتە بەر بیرکردنەوەیەکی تەوەرەیی لە دەوری «خستنەڕوو**



نیۆکلاسیکی (کە بنەمای بیرکردنەوەی پیکیتییە)، لەسەر ئەم بازنە بەتاڵە دامەزراوە (دوای هەموو هەوڵێک، ئاو بە ئاو ڕاڤە دەکات**).

تێکڕای داهاتی سەرمایە، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە راوەستاوەتە سەر تێکڕای گەشە، چونکە سەرمایە بە چاوپۆشین لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بە جەختکردنەوە لسەر ئەوەی بەرهەمیهێناوە، دیارینا‌کرێت. بەهاکەی بە شێوەیەکی گـەورە کاریگەر دەبێت بە بارودۆخی سەوداگەریی، کە دەتوانرێت ئاراستەکەی لە میانەی (ناعەقڵانییەکی کـارا)هوە بگۆڕێت، کە ئەمەش دانـراوی ئیکۆنۆمیستی ئەمریکی (گرینسپان)ە، وەک سیمایەکی نـاوازەی بازاڕەکانی کۆمپیالە و نیشتەجێکردن (الاسـکـان-housing ). ئەگەر نیشتەجێکردن و سەوداگەرییە خانووبەرەییەکان (العقارية- estate) – ئەمە جگە لە بەهای بابەتە هونەرییە جـۆراوجـۆرەکـانـی خـاوەن سندوقەکانی وەبەرهێنان- لە پێناسەی سەرمایە دەرکەین (پاساو و ئارگومێنتی خستنەناو پێناسەکەوە تارادەیەک لاوازە)، ئەوا تەفسیرەکەی پیکیتی بۆ قووڵبوونەوەی جیاوازییەکان لەسامان و داهـاتـدا، راستەوخۆ سـەر بـەرەوخـوار هەڵدەگەڕێتەوە، ئەگەرچی پێناسەکەی بۆ دۆخی جیاوازی و نایەکسانییەکانی ئێستا و داهاتوو بە راوەستاوی دەمێننەوە.

پـارە، زەوی، خـانـووبـەرە، کێڵگە و ئەو ئامێرانەی بە شێوەیەکی بەرهەمهێن بەکارناهێندرێن، سەرمایە نین. ئەگەر تێکڕای داهاتی سەرمایەی بەکارهێندراو بەرزبێت، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەشێک لـەم سەرمایەیە، لە دەستاوەدەستکردن کشاوەتەوە، یاخود بە شێوەیەکی کردارەکیی مانگرتنی خۆی ڕاگەیاندووە. کورتبوونەوەی پانتایی سەرمایە بەتەنها لە سەرمایەگوزارییە نوێیەکاندا (کە ئەمە دیاردەیەکە و ئێستا دەیبینین)، دەتوانێت تێکڕای داهاتی بەرز لەو بەشەی سەرمایە دەستەبەربکات کە لە ئاڵوگۆڕ و دەستاوەدەستکردندایە.

دروستکردنی دەگمەنیی دەستکرد تەنها لەوەدا کورتنابێتەوە، کە کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ دەستەبرکردنی تێکڕای داهاتی بەرز دەیکەن، بەڵکو پەنابردنی گشت جۆرەکانی سەرمایە بۆ هەمان میکانیزم کاتێک هەلیان بۆ دەڕەخسێت، هەمان بابەتە. ئەمە بناغە و زەمینەکەیە: خواست بۆ تێکڕای داهاتی سەرمایە (جا پێناسە و رێگەی پێوانەکەی هەرچییەک بێت)، هەتاوەکو هەمیشە تێکڕای گەشەی داهات زیادبکات. بەمجۆرە سەرمایە دووبـارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی مسۆگەر دەکـات، ئیدی ئاکامەکەی بۆ زۆرینەی زۆری خەڵک چەندێک ناڕەحەت بێت. چینی سەرمایەداریش بەوجۆرە دەژین.

ئەو داتایانەی پیکیتی ئامادەیکردوون، شتی گەلێک بـەهـاداریـان تێدایە، بەڵام لەڕاستیدا تەفسیرەکەی بۆ زیادبوونی نایەکسانی و جیاوازییەکان و دەرکەوتە ئۆلیگارشییەکان، گەلێک نـاڕەوا و پڕ کەموکورتین. پێشنیارەکانیشی سەبارەت ڕاستکردنەوەی نایەکسانییەکان ساویلکانەن، ئەگەر نەڵێین یۆتۆپیین. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە پیکیتی مۆدێلێکی عەمەلیی بۆ سەرمایە و شێوازی کارکردنی لە سەدەی بیستویەکدا بەرهەمنەهێناوە. هەربۆیە هێشتا پێویستمان بە مارکس، یاخود بە هاوتاکەیەتی لە سەدەی بیستویەکدا.

*Trickle-down economics، گوزارشتێکی سیاسیی-ئابورییە، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتێکی ئابوری سەرمایەدارییە، بە وتەی خۆیان بۆ چارەسەری قەیرانەکانی خواست بەکاریدەهێنن، هاوکات لەلایەن ڕەخـنـەگـرەکـانـیـانـەوە بـەرامـبـەر ئـەو سیاسەتە ئابورییەی داوای وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی زیاتری دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان دەکات، بەکاردەهێنرێت، بەوپێیەی هەر جوڵەیەکی ئەمان کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر هەژارەکان دەبێت، بەو مانایەی هەرچی لە پەرداخە گەورەکەی سـەرەوە سـەرڕێـژی کـرد و چـۆڕایـەوە، دەچێتە ناو پەرداخە بچوکەکانی خوارەوە! ئیکۆنۆمیستەکانی دەوروبەری ڕۆناڵد ڕیگان، بەشێکی سەرەکی بوون لە بەرگریکارانی ئەم سیاسەتە.

**ئیدیۆمێکی ئینگلیزییە، لێرەدا واتە ڕاڤـە و شیکارییەکانی، هیچ ئیزافەیەک ناخەنە سەر پرسیار و ئیشکالەکان.

**سەرچاوە:**

-گۆڤاری (بدايات)، ژمارە (11)، بەهاری (2015).